Available online at http://aran.garmian.edu.krd

ARAN JOURNAL
For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2026.02-01-11

# کاریگەریی ڕاگەیاندنی بینراو لەسەر بڵاوبوونەوەی توندوتیژی خێزانیی لە هەرێمی کوردستان، توێژینەوەیەکی مەیدانییە

**صادق حەمەغەریب حەمەصادق، ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین**

بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، (هەرێمی کوردستانی عێراق)

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received | **2025-12-08** |
| Accepted | **2026-01-14** |
| Published: | **2026-01-17** |

**Keywords**

**کاریگەریی، ڕاگەیاندنی بینراو، توندوتیژی خێزانیی، هەرێمی کوردستان**

**Corresponding Author**

sadiq.hamahsalh@su.edu.krd
akram.hamaamen@su.edu.krd

## پوختە:

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە زانینی کاریگەریی ڕاگەیاندنی بینراو لەسەر بڵاوبوونەوەی توندوتیژی خێزانیی لە هەرێمی کوردستان. توێژینەوەیەکی مەیدانیە بۆ سامپڵێك لە قوتابیانی قۆناغی (4) لە بەشەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەدین. ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەصفیەکانە، میتودی ڕوپێوی بەکار هێناوە، بە بەکارهێنانی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری (فۆڕمی ڕاپرسی) بۆ زانینی کاریگەریی ڕاگەیاندنی بینراو لەسەر بڵاوبوونەوەی توندوتیژی خێزانیی لە هەرێمی کوردستان. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە سەرجەم قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین – کۆلێژی ئاداب، سامپڵی توێژینەوەکەش بریتیە لە لە قوتابیانی قۆناغی (4) لە بەشەکانی ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی لە زانکۆی سەلاحەدین کە بە شێوەی سامپڵی هەڕەمەکی وەرگیراون و ژمارەیان (70) قوتابییە.

توێژینەوەکە لە سێ بەش پێکدێت. بەشی یەکەم، بریتیە لە میتۆدنامەی توێژینەوەکە، تێیدا ڕێوشوێنە میتۆدییەکان و توێژینەوەکانی پێشوو، هەروەها دیاریکردنی زاراوەکانی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت. بەشی دووەم، بریتیە لە تیۆرینامەی توێژینەوەکە، لە دوو پاری سەرەکی پێکدێت. پاری یەکەم تایبەت کراوە بە ڕاگەیاندنی بینراو پاری دووەمیش تایبەتکراوە بە توندوتیژی خێزانیی، بەشی سێیەمی ئەم توێژینەوەیە، بریتیە لە پراکتیکنامەی توێژینەوەکە و تێیدا وەڵامی سامپڵی توێژینەوەکە بۆ پرسیارەکان خراونەتە ڕوو، ئەمە جگە لە ساغکردنەوەی گریمانەکانی توێژینەوەکە؛ لە دوو گریمانەی پێکهاتووە، لە کۆتایی توێژینەوەکەدا، گرنگترین دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی پەیوەست بە وەڵامدانەوەی سامپڵی توێژینەوە لەخۆ دەگرێت، دواتر هەر یەکە لە لیستی سەرچاوەکان، پاشکۆ و پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراونەتە ڕوو. لە گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی کە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە بریتین لە: هەندێك لە بەرنامە و پرۆگرامەکانی ناو ڕاگەیاندنی بینراو لە هەرێمی کوردستان هۆکارێکن بۆ بڵاوبوونەوەی توندوتیژی خێزانی کە ئەمەش لەگەڵ سروشتی ژیانی خێزانیی یەک ناگرێتەوە. ڕاگەیاندنی بینراو هێندەی لێکترازانی خێزان بووە ئەوەندە هۆکاری یەکگرتووی نەبووە.

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی زانستییە بۆ تیشکخستنەسەر دیاردەیەکی بەرفراوانی ناو راگەیاندنی کوردی بەگشتی و راگەیاندنی بینراو بەتایبەتی ئەویش بەخش و بڵاوکردنەوەی دیمەنی توندوتیژییە بەهۆی (بەرنامە، وێنە، رەنگ، جوڵە و فیلمە دۆبلاژکراوەکانەوە... هتد)، ئەم توێژینەوەیە باس لە کاریگەریی راستەوخۆی ئەو دیمەنە توندوتیژیانەی ناو راگەیاندنی بینراو دەکات لەسەر تاکی کورد و خێزانی کوردی کە دەبێتە هۆی گۆڕینی ڕەفتارییان و رەنگدانەوەی ناو هەڵوێست و ئاکارەکانیان. توێژینەوەکە بۆ ئەوەی بگات بەئەنجامی زانستی درووست پشتی بەستووە بەچەندین تیۆری و توێژینەوەی ناوخۆیی و جیهانی کە نموونەیەکیان لێ هەلبژاردوون، ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە تێگەیشتنە لەسیاسەتی راگەیاندنی بینراو لە هەرێمی کوردستاندا کە بەچ ئاڕاستەیەك هەنگاو دەنێت، بەئومێدی هەوڵدان بۆ پێداچوونەوەو دارشتنەوە لە بەرنامەو کارییان بەجورێک کەلێکەوتەو دەرهاویشتە خراپەکانی توندوتیژیی لەناو راگەیاندنی بینراو لە کۆمەڵگای کوردستانیی سنووردار بکرێت.

ئێستا راگەیاندنی بینراو نەک تەنها رووداوو دیمەنەکان رووماڵدەکات و دەگوازێتەوە، بەڵکو خودی خۆی بووەتە بەشێکی کارا و دانەبراو لەدیمەن و رووداوەکان. راگەیاندن بەهەموو جۆرەکانییەوە بۆوەتە ئامرازێك لێکدانەبڕاو و کاریگەر و هیچ جۆرە بۆشاییەك لەنێوان خۆیی و وەرگرەکانیان نەماوە ناتوانرێت دەستبەردای ئەو پەیوەندییە راستەخۆیە نێوانیان بن، وەرگریش لە رەحم هەژموون و کۆنترۆڵیدایە، بۆیە دەتوانرێت ئەو پەیوەندیە بەئاڕاستەی رێکخست و کەمکردنەوەی توندونیژی خێزانی بەهەموو جۆرەکانییەوە هەنگاوەکانی بنێت و ببێت بە جۆرە ئامرازێك کە راستەوانە لەگەڵ کلتوری کوردەواریدا خۆی بگونجێنێت لە ئەنجامدا کۆمەڵگە توشی دارمان دەبێت. بەمەش کاریگەری دەرونی و تەندروستی کلتووری و پەروەردەیی خراپ لەسەر بەکار هێنەرو خێزانیش دەبێت. هەروەها کێشە وگرفتی کۆمەڵایەتی و لێکترازانی خێزانی دێتە ئاراوە .زۆربەی کات توندوتیژی خێزانی لێدەکەوێتەوە کە یەکێکە لەو دیاردە مەترسیدارانەی ڕووبەڕووی کۆمەڵگە دەبێتەوە بەتایبەتی کۆمەڵگەی دواکەوتوو.

## بەشی یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە

- **کێشەی توێژینەوە:** سەرەتای هەر توێژینەوەیەك هەستکردنی توێژەرە بە کێشەیەك یان ناروونییەك لەسەر بابەتێك یان دیاردەیەك کە شیاوی نووسین و گفتوگۆبێت لەبارەیەوە هەڵدەستێت بە ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەسەر ئەو بابەتەو کێشەکانی دیاری دەکات و پلان و ئامانجەکانی دەستنیشان دەکات، توێژینەوەی زانستیش لە شوێنێکی بنەڕەتی دەست پێدەکات ئەویش کاتێکە هەست بە کێشە بکرێت، واتا کاتێك کێشە نەبێت توێژینەوەی زانستیش نابێت. بەوەش دەناسرێت کە بریتییە لە هەڵوێستێك یان بیرۆکەیەك یان چەمکێك کە پێویستی بە توێژینەوەی زانستی هەبێت بۆ ئاگاداربوون لە پێشەکییەکانی و پەیوەندی نێوان ڕەگەزەکانی و ئەنجامەکانی و دووبارە داڕشتنەوەی بە توێژینەوە و دانانی لە چوارچێوەیەکی دروست.

راگەیاندن وەك یەکێك لە هۆکارەکانی تەشەنەسەندنی ئەو دیاردەیە لە لایەك و رۆڵی سەرەکی کەکردنەوەو نەهێشتنی لە لایەکی ترەوە زۆرترین ئاماژەی پێدەکرێت، بەڵام تا ئێستا بە هەردوو ئاراستەی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەری خۆی هەیە بۆیە میدیا لەو نێوەندەدا راجیاییەکی زۆر هەیەو بابەتەکە وەك کێشەیەکی بەرچاو زۆرترین پرسیاری بێوەڵامی زانستی وروژاندووە. توێژەر لەو سۆنگەیەوە ئەم پرسەی وەك کێشەیەکی ئامادەو دیار دەستنیشانکردووە بۆ توێژینەوەو دیراسەکردن بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجام و راسپاردەی پێویست لە بارەیەوە. کێشەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کۆمەڵێك پرسیار کە پێوستییان بەوەڵامدانەوەی زانستی هەیە:

- راگەیاندنی بینراو چ کاریگەرییەکی زانستی و دەروونی لەسەر بینەرانی هەیە؟
- گرنگترین ئەو بابەتانە چین کە دەبێت راگەیاندنی بینراو لە هەرێمی کوردستاندا پەخش و بڵاویان بکاتەوە؟
- ئایا راگەیاندنی بینراو تا چ ئاستێك دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی توندوتیژی؟
- راگەیاندنی بینراو خەمساردبووە لە ئاست کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و توندوتیژی خێزانی بەتایبەتی؟

- **گرنگی توێژینەوە:** گرنگی توێژینەوە هۆکاری سەرەکی ئەنجامدانیەتی، توێژینەوە لە بارەی پرس و بابەتە کۆمەڵایەتیەکانەوە بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا گرنگی خۆی هەیە، چونکە راستەوخۆ پەیوەستە بە ژیانیانەوە. هەر بۆیە گرنگییەکەی لە بوار و بابەتەکەوە سەرچاوەی گرتووە، بە تایبەتی توندوتیژی خێزانیی کە پەیوەستە بە کۆی کۆمەڵگای کوردییەوە. هاوکات لەگەڵ گەیشتن بە ئەنجامگەلێکی زانستی لە بارەی کاریگەریی راگەیاندن و رۆڵی لە گەشەسەندن و کەمکردنەوەیدا. لێرەدا دوو گرنگی دەخەینەڕوو ئەوانیش:

- گرنگی زانستی: ئەم توێژینەوەیە دەبێتە یەکێك لەو توێژینەوە نوێیانەی کە لەسەر کاریگەریی توندوتیژی راگەیاندنی بینراو نوسراوە و دەبێتە بنەمایەکی زانستیی بۆ توێژەران لە هەرێمی کوردستان و پاڵپشتییەکی تەواو دەبێت بۆ ئەکادیمی و خوێنەران.
- گرنگی پراکتیکی: ئەم توێژینەوەیە بەرچاو روونی دەداتە توێژەران لە هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی بەئاگابوون لە زانینی ئەو بەرنامە و پرۆگرامانەی کە لەراگەیاندنە بینراوەکانی لە هەرێمی کوردستان پەخش و بڵاودەکرێنەوە بەتایبەتی ئەو بەرنامە و پرۆگرامانەی کە دەبنە هۆکارێك بۆ زیاتربوونی توندوتیژیی خێزانی لەلایەک، لەلایەکی دیکەش بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان.

- **ئامانجی توێژینەوە:** ئامانج لەم توێژینەوەیەدا گەیشتنە بە ئەنجامێکی زانستی لەمەڕ دیاردەی توندوتیژی خێزانی و هۆکارو فاکتەرە میدیاییەکانی سەرهەڵدان کەمکردنەوەی کە خۆی لە خاڵانەدا دەبینێتەوە:

- زانینی ئاستی کاریگەریی راگەیاندنی بینراو لەرووی زانستی و دەروونی لەسەر بینەران.
- زانینی و ئاشنابوون بە گرنگترین ئەو بابەتانە کە دەبێت راگەیاندنی بینراو لە هەرێمی کوردستاندا پەخش و بڵاویان بکاتەوە.
- زانینی و دیاریکردنی ئەو ئاستانەی کە دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لە راگەیاندنی بینراودا .

- زانین و دیاریکردنی ئاستی خەمساردبوونی ڕاگەیاندنی بینراو لە ئاست کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و توندوتیژی خێزانی بەتایبەتی.

- **گریمانەکانی توێژینەوە:**

یەکەم: پەیوەندییەکی ئاماژەی ئاماری بەهێز لە نێوان ڕاگەیاندنی بینراو و هەڵکشانی توندوتیژی خێزانیی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە.

دووەم: ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەشداری ڕاستەوخۆ و کاریگەریی نەرێنییان هەیە لەسەر بڵاوکردنەوە و بەرهەمهێنانی توندوتیژی.

- **جۆر و ڕێبازی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لەتوێژینەوە (وەصفی)یەکانەو پشت بەمیتۆدی ڕوپێوی دەبەستێت، واتە لەو توێژینەوانەیە کە ئەو ڕاستی و زانیارییانە هەڵدەسەنگێنێت و دەخاتەڕوو، بۆ ئەوەی توێژەر وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە بداتەوەو بگاتە چەند دەرەنجامێك کە ئامانجی توێژینەوەکەی لەسەر بنیاد نراوە. ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە ڕوپێویە وەك یەكێك لە ڕێبازە زانستییەکانی توێژینەوە وەسفیەکان، بە تایبەتی لە بوارو بابەتە کۆمەڵایەتیەکاندا.

- **کۆمەڵگا و سامپڵی توێژینەوەکە:** کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە، بریتیە لە قوتابیان لە زانکۆی سەلاحەدین سامپڵی توێژینەوەیەکەش بریتییە لە ژمارەیەك لەقوتابیانی لە کۆلێژی ئاداب، لە زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر، قۆناغی (4)ی بەشی ڕاگەیاندن کە ژمارەیان (26) قوتابی و قۆناغی (4)ی بەشی کۆمەڵناسی کە ژمارەیان (44) قوتابی وەك سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە، کە ژمارەیان (70) قوتابی بووە کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی وەرگیراون لە هەردوو بەش.

**خشتەی (1) ژمارەی قوتابیانی بەیانیانی هەردوو بەشی (ڕاگەیاندن – کۆمەڵناسی) لە کۆلێژی ئاداب – زانکۆی سەلاحەدین بۆ ساڵی (2024 -2025)**

| ژ | بەش | ژمارەی قوتابیانی هەرچوار قۆناغ | قوتابیانی قۆناغی 4 | نمونەی وەرگیراو |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ڕاگەیاندن | 140 | 46 | 26 |
| 2 | کۆمەڵناسی | 215 | 63 | 44 |
| | کۆی گشتی | 355 | 109 | 70 |

- **پێوەری ڕاستی و جێگیری توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا، فۆرمی ڕاپرسی لەکاهێنراوە ، بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیارییەکانی پەیوەست بە ئامانجی توێژینەوەکە.

توێژەر بۆ گەیشتن بەپێوەری ڕاستی ئامرازی توێژینەوەکە، فۆرمی ڕاپرسیەکەی دابەشکرد بەسەر (3) هەڵسەنگێنەری پسپۆڕ لەبواری ئەنجامدانی توێژینەوە، پاش وەرگرتنی سەرنج و تێبینیەکانیان، بەپێی (هاوکێشەی هۆڵستی) ڕێژەی ڕاستی توێژینەوەکە دەکاتە (93.3 %)، ئەمەش لەڕووی زانستیەوە بەئاستێکی بەرز ئەژمار دەکرێت، لەبەرئەوە برگە و پێوەرەکانی ناو فۆرمەکە پەسەند کرا.

جێگیریی شیکردنەوە:

مەبەست لە جێگیریی شیکردنەوە، دووبارە ئەنجامدانی ڕێکاری شیکارییە بەمەبەستی بەدەستخستنی هەمان ئەنجام، توێژەر شێوازی جێگریی لە ڕێگەی کاتەوە بەکارهێنا، لەدوای جێبەجێکردنی هاوکێشەی هۆلستی، تێکڕای جێگیریی بریتی بوو لە (٠,٨٥) کە لە ڕووی زانستییەوە ئەو ڕێژەیە لە ئاستێکی بەرزدایە. توێژەر بۆ جێگیری داتاکانی توێژینەوەکە، جێگیری ناوخۆیی بەکار هێناوە، بە سوودوەرگرتن لە هاوکێشەی ئاماری ئەلفاکرونباخ، وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە:

**خشتەی (2) جێگیری داتاکانی فۆرمەکە**

| برگە | ژمارەی برگەکان | پێوانەی جێگیریی فۆرمەکە |
|---|---|---|
| برگەکان | 20 | 0.85 |

بەپێی ئەنجامی خشتەی (2) دەردەکەوێت کە جێگیری ئامرازی توێژینەوە، بریتیە لە (0.85)، کە ئاماژەیە بۆ پلەی بەرزی پێوانەی جێگیری داتاکانی ئامرازی توێژینەوەکە.

- **سنووری توێژینەوەکە:**

سنووری کات: کاتی ئەنجامدانی کاری مەیدانی ئەم توێژینەوەیە لە دابەشکردنی فۆرمی ڕاپرسیەکەو وەرگرتنەوەیان (1-12-2024 بۆ 31-12-2024)

سنووری شوێن: کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان

سنوووری مرۆیی: قوتابیانی قۆناغی (4)ی هەردوو بەشی (ڕاگەیاندن و کۆمەڵناسی) کە فۆرمی ڕاپرسییەکەیان بەسەردا دابەشکراوە.

- **ناساندنی زاراوەکان**

**کاریگەریی:** بریتییە لە پەیامی ڕاگەیاندن لە دەروونی وەرگر، هەرچەند وەرگر زۆرتر بەپیر پەیامەکەوە بچێت، ئەوەندە پەیامی ڕاگەیاندن کاریگەریی خۆی نواندوەو پەیوەندیکار ئامانجی پەیوەندیەکەی هێناوەتەدی، ئێمە پەیوەندی دەکەین بۆ ئەوەی کاریگەریمان هەبێت، ئەگەر ئەوە نەهاتەدی، واتە کردەی پەیوەندییەکە سەرکەوتوو نەبووە، مەرج نیە ئامانجی پەیوەندی هزری یان روناکبیری یان پەروەردەیی

یان سیاسی بێت، دەشێ بەمەبەستی حەواندنەوە بێت، لێرەدا کاریگەری واتە بەپیرەوەچوونی وەرگر بۆ ئیشەکە پێویستە بێتەدی. (ئیبراهیم، 2014، ل217)

**ڕاگەیاندنی بینراو:** لە بنەڕەتدا ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە، کە بۆ گەیاندنی پەیام پشت بە دەنگ و وێنە و نووسین دەبەستن (واتا بینراو و بیستراو و خوێنراو لە یەککاتدا) وەک: تەلەفزیۆن و سینەما و ئینتەرنێت. (ئەسعەد، 2013، ل51)

**توندوتیژی خێزانی:** بریتییە لە سلوکێکی دوژمنکارانەی بە ئەنقەست، لە نێوان ئەندامانی خێزاندا، کە لە ڕێگەیەوە ئازاری جەستەیی و دەرونی بە تاکێکی خێزان ئەگات، کە لەوانەیە هەندێك کات مردنیشی لێبکەوێتەوە" (عباس، 2011، ص22)

**هەرێمی کوردستان:** ئەو ناوچە جوگرافیایە، کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خاوەنی سنوور، پێگە، سیستمی بەڕێوەبردنی خۆیەتی بەشێوەی حوکمی فیدراڵییە، لە چوارچێوەی کۆماری عێراقی فیدراڵ، بە پشتبەستن بە دەقی دەستووری هەمیشەیی عێراق دانی پێدانراوە. (دستور العراق، الباب الخامس سلطات الأقاليم، المادة 117، 2005، ص25)

- **توێژینەوەکانی پێشوو:**

**1- توێژینەوەی (بەهات حەسیب قەرەداخی، 2023) بەناونیشانی : کاریگەری توندوتیژیی میدیایی لەسەر دەروونی خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا: توێژینەوەیەکی مەیدانییە. توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە.**

ئەم توێژینەوەیە باس لە کاریگەریی توندتیژی ناو میدیاکانی هەرێمی کوردستان دەکات لەسەر خوێندکارانی ناو زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و جۆری ئەو توندوتیژییانەی کە ڕووبەرووی خوێندکاران بوونەتەوە لە ڕێگەی میدیاو سۆشیال میدیاوە.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ناساندن و ئاشنابوون بە جۆر و فۆرمەکانی توندوتیژی میدیایی، دیاریکردنی ئاستی بەرکەوتنی خوێندکارانی زانکۆ لەگەڵ توندوتیژی ناو میدیا و سۆشیال میدیا.

نمونەی توێژینەوەکە (زانکۆکانی هەرێمی کوردستان) وەرگرتووە پاشان نمونەیەکی توێژینەوەی مەیدانی کەلە (312) خوێندکار پێکهاتوون لە کە ڕێگەی گوگڵ فۆرمەوە فۆرمەکانی بۆ ناردوون.

لە گرنگترین ئەنجامەکان: توندوتیژیی میدیایی هەژمووونی هەیە و تۆوی تێگەیشتن و جیهانبینیەک لە مێشک و دەروونی بینەرو بیسەرەکانیدا دەچێنێت کە بروا دەهێنن بەوەی توندوتیژی و دوژمنکاری بەشێکی ڕاستەقینەی دانەبراوە لە ژیانیاندا.نزیک لە نیوەی خوێندکارانی زانکوکانی هەرێمی کوردستان خۆیان و کەسوکار و هاوڕێکانیان بە شێوەیەک لە شێوەکان تێوەگلاون لە لاساییکردنەوەی ڕە فتارو گوفتاری توندوتیژییەکانی میدیا لە ژیانی ڕاستەقینەیاندا. زۆرینەی خوێندکارانی زانکوکانی هەرێمی کوردستان هاوران کە پێویستە لە ڕێگەی سانسۆرەوە کاریگەرییەکانی توندوتیژی میدیایی کەمبکرێتەوە.

**2- توێژینەوەی (إستبرق قمر موسى، 2023) بەناونیشانی :ڕۆڵی میدیا لە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان: توێژینەوەیەکی مەیدانی "بەشدارییەکانی مانگی سوور وەک نمونە" توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە**

ئەم توێژینەوەیە باس لە هەموو پرسە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکان و کولتوورییەکان دەکات کە بووەنەتە سەرچاوەیەکی گرنگ و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنییان. هەروەها ئەو پرسانە چ ڕۆڵێکی دیار دەگێڕن لە وەسفکردن و ڕوونکردنەوە و دۆزینەوەی چارەسەرەکان کە بۆ هەموو پرسەکان، چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوە بگونجێت.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیەیە لە نێوان ئەو پرسانەدا و چۆنییەتی چارەسەرکردنیان.

نمونەی توێژینەوەکە (بەشدارییەکانی مانگی سوور وەک نمونە) وەرگرتووە پاشان نمونەیەکی توێژینەوەی مەیدانی کەلە (52) فەرمانبەر پێکهاتوون لە (مانگی سوور – بابل) کە بەشێوازێکی هەرەمەکی ڕێکخراو وەرگرتووە.

لە گرنگترین ئەنجامەکان: بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی بەهێز و زانستی کە پەرە بە کولتوری هاوکاری و چارەسەرکردنی کێشەکان بدات خاڵی دەستپێکە بۆ پەرەپێدانی لۆژیکی باو و باشترکردنی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، و بنیاتنانی لەسەر بناغەیەکی تۆکمە و پتەو سەقامگیری کۆمەڵایەتی بۆ تاکەکان. ڕێنماییە حکومییەکان ڕۆڵێکی ئەرێنی و کاریگەری لێدەکەوێتەوە بۆ بەرزکردنەوەی ڕۆڵی ژنان و بەهێزکردنیان و کەمکردنەوەی توندوتیژی لە هەموو بوارەکاندا.

**3- توێژینەوەی (يسمينة بن عمار، نجيب بخوش، (2022)) بە ناونیشانی " توندوتیژی لە میدیاوە بۆ سۆشیال میدیا: فەیسبووک وەک میکانیزمێکی نوێی توندوتیژی ڕەمزی لە ژینگەی مەجازیدا" توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە**

لەو توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری بەکارهاتووە، توێژەر فۆڕمی ڕاپرسی و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی وەك ئامرازی توێژینەوە بەکارهێناوە و باس لە توندوتیژیی لە نێوان ئامرازەکانی ڕاگەیانەنەوە بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، فەیسبووک لەناو تۆرەکۆمەڵایەتییەکان، هەروەها ئەم توێژینەوەیە باس لە توندوتیژی و دەرکەوتنەکانی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەکات. توێژینەوەیەکی کە شیکاری ناوەڕۆکی بەکارهێناوە بۆ نمونەیەك لە (تۆرەکۆمەڵایەتییەکان)

گرنگترین ئەنجامەکان: تەلەفزیۆن وەک ئامرازێکی دیار و بەرچاو توندوتیژیی تێدا بڵاو و پەخش دەکرێت. تەلەفزیۆن چیتر تەنها ئامرازێک نییە بۆ ئەنجامدانی چەند ئەرکێک، بەڵکو بووە ئامرازێک بۆ دەسەڵات و کۆنترۆڵ. هەندێ جار لاپەڕەکانی فەیسبووک دەبنە هۆی بڵاوبوونەوەی توندوتیژیی ململانێی نێوان ژن و پیاو.

**4- توێژینەوەی (عەبد ربە (2020)) بە ناونیشانی "ڕووماڵکردنی پرسەکانی توندوتیژی خێزانی لە ماڵپەڕەکانی ڕۆژنامەکانی میسری: لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری و مەیدانی" توێژینەوەیەکی بڵاوکراوە**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکان دادەنرێت، ئامانجی چاودێری و شیکردنەوە و لێکدانەوەی ڕوماڵی میدیایی پرسەکانی توندوتیژی خێزانی بوو کە لەلایەن ماڵپەڕە ڕۆژنامە میسرییەکانەوە لە ئینتەرنێتدا پێشکەش دەکرێن. ئەمەش لە ڕێگەی شیکاری چوارچێوەکانی بەکارهێنراو بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسانە و تێگەیشتن لە چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ماڵپەڕێک بووە.

توێژینەوەکە شێوازی ڕاپرسی و ڕێبازێکی بەراوردکاری بەکارهێناوە. دوو ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بەکارهێنران: شیکردنەوەی ناوەڕۆک و ڕاپرسی.

نمونەی توێژینەوەکە پێکهاتبوو لەم ماڵپەڕە ڕۆژنامە ئۆنلاینانەی خوارەوە: (7Youm، Akhbar El-Youm Portal، و Al-Wafd).

پاشان نمونەیەکی توێژینەوەی مەیدانی لە 400 کەس هەڵبژێردرا.

لەگرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە: دەرکەوتووە کە زۆرترینی پرسەکان لە تاوانبارکردنی قوربانییەکە و بیانوو بوو بۆ تاوانبارەکە. دەرکەوتووە کە زۆرترینی پرسەکانی ئەو چوارچێوەیە ئەوە بوو کە تاوانبارەکە تێکچووە یان ئالوودە بووە.

**سوودی توێژینەوەکانی پێشوو:**

1- توێژەر سوود لە توێژینەوەکانی پێشوو وەردەگرێت لە داڕشتنی میتۆدنامەی توێژینەوەکەیان، بە دیاریکراوی لە ڕووی داڕشتنی وردی کێشە و ئامانجی توێژینەوەکەوە.
2- وەکو سەرچاوەیەکی زانستی سوود لەتوێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە، و لەبەشی تیۆریدا بەکارهێنراون.
3- بۆ دروستکردنی فۆرمی ڕاپرسی سوود لەتوێژینەوەکانی پێشوو وەرگیراوە.
4- سوودیان دەبێت لە داڕشتنی چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە.

**- جیاوازی توێژینەوەی ئێستا لەگەڵ توێژینەوەکانی پێشوو:**

1- لە ڕووی بابەت و کات و شوێنەوە، جیاوازن.
2- لە ڕووی یەکەکانی شیکارییەوە، ئەم توێژینەوەیە زیاتر ڕۆشنایی ئەخاتە سەر ئەو یەکانەی کە پەیوەستن بە ئاگابوون لە جۆر و چۆنیەتی بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لە ڕێگەی ڕاگەیاندنی بینراوەوە.
3- ئەم توێژینەوەیە پرسێکی تایبەت بە کاریگەریی ڕاگەیاندنی بینراو لە بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و خێزانیی لە شارێکی دیاریکراو شاری (هەولێر).

## بەشی دووەم: چەمك و جۆرەکانی توندوتیژی و کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنیەکانی ڕاگەیاندن

## پاری یەکەم: چەمك پێناسەی ڕاگەیاندنی بینراو و ڕۆڵی لە کەمکردنەوە توندوتیژی خێزانی

### یەکەم: چەمك پێناسەی ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەی گەشەپێدان بەتایبەت لە بوارەکانی چاکسازی سیاسی ئابووری کۆمەڵایەتی فەرهەنگی، لە دۆزینەوەی جۆرێك لە پێکەوەبەستنی بەشەکانی ژێرخانی کۆمەڵایەتی و یەکەکان لەناو کۆمەڵ هەیە، هەروەها لە پرۆسەکانی نوێکردنەوە لەم کۆمەڵگایانە دەبینێت شانبەشانی ڕۆڵێکی تری گرنگ لە پرۆسەکانی گەشەپێدان و بەرەوپێشبردنی (نەسرەددین، 2020، ل40)

لە ڕووی زمانەوانییەوە پێکهاتەی وشەی ڕاگەیاندن داڕێژراوە لە پێشگری (ڕا) لەگەڵ چاوگی (گەیاندن) پێکهاتووە واتاکەی مەبەستی گەیاندن و وەرگرتنی بیروڕا و هەواڵ و زانیارییە ڕاگەیاندن کارێکی جەماوەری و تاکە کەسییە (عمر، صابر، ١٣٨:٢٠١٧). جەماوەرییە بەو واتایەی جەماوەر بەشداری کارای هەیە لە پروسە کە و پەیامەکە بو جەماوەرە. تاکە کەسییە بە و واتایەی تاکە کەس پەیامەکە ئاڕاستە دەکات لە ریگای هوکارەکانی گەیاندنی تەلەفزیون رادیو روژنامە...هتد.

ڕاگەیاندنی بینراو و زۆربەی کات ڕاگەیاندن تەلەفزیۆنی پێدەگوترێت یەکێکە لە داهێنان و ئاژانسە گرنگەکانی ڕاگەیاندن لە سەدەی بیستەم، کە بەشدارییەکی کارا لە دابینکردنی زانیاری دەکات تەلەفزیۆن بەشداری لە کرانەوەی کۆمەڵگەدا دەکات بەوەی بەها تەقلیدییەکان لە ناودەبات و بەها نوییەکان جێگایان دەگرنەوە تەلەفزیۆن، وەک یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی بواری ڕاگەیاند و تەکنەلۆژیا بە بە راورد بە رۆژنامە و رادیۆ، گرنگییەکەی لەوەدا دەردەکەوێت، کە لە یەککاتدا دەنگ و وێنە و جوڵە و ڕەنگ کۆدەکاتەوە. (سەیدگوڵ، عومەر، 2023، ل997)

#### دووەم: ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە کەمکردنەوەی توندوتیژی

**1: ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری**

ڕاگەیاندن بە فاکتەرێکی سەرەکی دائەنرێت لە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتیداو گواستنەوەی کۆمەڵگاکان لە تەقلیدی و دواکەوتووەوە بۆ کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو، هەروەك زانای بەناوبانگی کۆمەڵناسی ئەمریکی(دانیاڵ بیرتر)، لە توێژینەوەکەیدا بە ناوی (ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە گەشەی نیشتیمانی و تێپەڕاندنی کۆمەڵگای تەقلیدی)دا، باسی ئەکات، ئەو توێژینەوەیەی لە شەش وڵات (تورکیا، ئێران، مصر، سوریا،

لوبنان، ئوردون) ئەنجامدا، لە پەنجاكانى سەدەى رابردودا، بۆيدەركەوت كە راگەياندن گۆڕانكارى ريشەيى لە بيرو بۆچون و ئاراستەو داب و نەريت دا دروست ئەكات. (صلوى، 2012، ص18)

ئەركى راگەياندنى جەماوەرى بەرانبەر بە كۆمەڵگاو ئەركە كۆمەڵايەتيەكانى، پۆلێندەكرێن بۆ دوو جۆر (الرفاعى، مجلد27، العدد الاول والثاني، 2011):

يەكەم: ئەركى راگەياندنى جەماوەرى بەرانبەر بە كۆمەڵگا بە گشتى، كە خۆى لەم چەشنانەى خوارەوەدا دەبينێتەوە:

- بەرجەستەكردنى ئەركى تاك بەرانبەر بە كۆمەڵگا، راگەياندن هەوڵەدات بۆ ئارامى و ئاسايش و سەقامگيرى كۆمەڵگاو زانيارى پێويست پێشكەش بە تاك ئەكات لەو بارەيەوە، دەبێتە فاكتەرێكى بەهێزى هاندانى تاك بۆ كاركردنى لە پێناو هێنانەدى ئاسايشى كۆمەڵايەتى و دوركەوتنەوە لەهەر سلوكێكى ناتەندروست كە نائارامى و ئاڵۆزى و توندوتيژى لێبكەوێتەوە.
- ئەركى ناوەرۆك بەرانبەر ئەركى ئامراز: بەو مانايەى كە لەگەڵ گۆڕانكارى ئامرازەكانى راگەياندن و ئەركى جياوازى هەر يەكێكياندا، پارێزگارى لە ناوەرۆك و پەيامى شياو و گونجاو بۆ كۆمەڵگا بكرێت.
- ئەركى ديار بەرانبەر بە ئەركى شاراوە: راگەياندنى جەماوەرى پێويستە ئەركى شاراوەى، هاوشێوەى ئەركە ديارو بەرچاوو هەستپێكراوەكەى بۆ خزمەتى كۆمەڵگا بێت و ئەجێندايەكى دژ بە بەها بەرزە كۆمەڵايەتيەكانى لە پشتەوە نەبێت، دووركەوێتەوە لە پروپاگەندەو زانيارى ناراست، لە قاڵبێكى زانيارى تەندروست و راست و لە چوارچێوەى هونەرە رۆژنامەوانيەكاندا، كە ئەم حاڵەتە بە ميدياى چەواشەكارو بەديهێنەرى پشێوى كۆمەڵايەتى ئەژمێردرێت.
- ئەركى مەبەستدار بەرانبەر ئەركى بێمەبەست: زۆر جار راگەياندنى جەماوەرى، بە مەبەست و لە روانگەى سياسەتى كاركردن و جۆرى مڵكداريەوە جۆرێك لە هەواڵ و زانيارى بڵاوئەكاتەوە كە دواجار لێكترازانى كۆمەڵايەتى لێئەكەوێتەوە، بەمەبەست هەواڵ و زانياريەكان ئەشێوێنێت، بەرنامەو پرۆگرامێك پێشكەش ئەكات كە لە خزمەتى كۆمەڵگادا نييە، بە تايبەتى ميدياى ئاراستەكراو، بۆيە پێويستە راگەياندنى جەماوەرى بەو پەڕى بەرپرسيارێتيەوە كاربكات و بەو پەڕى ورياييەوە كاربكات بۆ ئەوەى پەيامەكەى هەموو كاتێك بۆ خزمەتى كۆمەڵگا بێت، هيچ پەيامێكى بێمەبەستى نەرێنى پێشكەش نەكات كە ئاسەوارى خراپى لێبكەوێتەوە، لە راگەياندندا پەيامى بێمەبەست هيچ مانايەكى نييە كە ئێمە زۆر جار لە راگەياندنى كورديەوە گوێبيستى ئەبين.

**2: ئەركى راگەياندنى جەماوەرى بەرانبەر بە تاك**

- پێدانى زانيارى لە بارەى روداوو گۆڕانكارييەكان و چاودێريكردنى ژينگەى كاركردنى بە گشتى، بەمەبەستى ئاگاداربوونى تاك لە دەوروبەرو هەڵوێست وەرگرتنى گونجاو.
- كاركردن بە ئاراستەى گەشەى مرۆيى و ناسساندنى خودێى تاك، مافو ئەركەكانى بەرانبەر بە دەوروبەرى و كۆمەڵگا بەگشتى.
- رەخساندنى زەمينەيەكى كارلێكى گونجاو لە نێوان تاكەكانى كۆمەڵگادا، بە مەبەستى زانيارى گۆڕينەوەو سودگەياندن بەيەكترى و ئەنجامدانى گفتوگۆ و باس و خواس لە سەر پرسە جياوازەكان و دواجار لێكتێگەيشتن و بەديهێنانى كۆمەڵگايەكى هۆشيار.
- راگەياندنى جەماوەرى ئەركى وەك وێستگەيەكى ئارامى دەرونى و جەستەيى زۆرجار لە رێگەى بەرنامەو پرۆگرامەكانيەوە پێشكەش بە تاك ئەكات، ئەندامانى خێزان لە دەورى يەك كۆ ئەكاتەوەو چێژێكى خۆشيان پێدەبەخشێت.بەو پێيەش تاك لە دڵەڕاوكێ و نائارامى دەرونى ئەپارێزێت و هەستى ئاسايش و ئاسودەيى پێدەبەخشێت.

**سێيەم: راگەياندن و بە بازاركردنى بەها كۆمەڵايەتييەكان بۆ رووبەڕووبوونەوەى توندوتيژى خێزانى**

بە بازاركردن، لە چوارچێوەى واتا گشتييەكەيدا، ئەركێكى ديارى سەرجەم رێكخراو و دامودەزگاو كۆمپاناكانە، بە بواردنى ئامانج و جۆرى بەرهەم و كاڵاكانيان، لە رێگەى بەكارهێنانى ئامرازەكانى راگەياندن و پەيوەنديكردنەوە، لە بوارى جێبەجێكردنى ستراتيژيەتى بەبازاركردن لەسەر ئاستى كۆمەڵايەتى بە شێوەيەكى گشتى.

بە بازاركردن، گۆڕانكارى لە سلوك و رەفتارى بەكاربەردا دروست ئەكات، جيهانى ميديايى هاوچەرخ كۆمەڵێك ئەركى نوێى بەرهەمهێناوە لە شێوازى بەرهەمهێنانى پەيام و بەڕێوەبەرايەتى ميديادا، يان بەشدارى چالاكيە ميديابيەكان وئەركە رۆژنامەگەريەكاندا كە كاريگەريى زۆريان لەسەر وەرگر دەبێت. ئەو گۆڕانكاريانە كاردانەوەى هەبووە لەسەر گۆڕانكارى پەيوەندى رۆژنامەنووسى وەك بەرهەمهێنەرێكى زانيارى و مەعريفە، هەروەها لەسەر جەماوەر وەك بەكاربەر كە پەيوەندى ئەو دووانە وەك كردارێكى هاوبەشى ميديايى بووە بە هۆى گۆڕانكارى گەورەى پەيوەنديدار بە ناسنامەى رۆژنامەگەرى و پەيامەكەى و رۆڵ و ئەركەكانى بە تايبەتى لە روى كۆمەڵايەتيەوە. (الموسوى، موسى، الساموك، 2012، ص10).

پرۆسەى بە بازاركردنى بەها كۆمەڵايەتييەكان و كردەوە باشەكان، ئێستا لە جيهانداو لە رێگەى ميدياوە پانتاييەكى بەرچاوى ئەركى كۆمەڵايەتى ميدياى گرتووەتەوە، لە رێگەى بانگەشەو ئاگادارى و ريكلام و مەنەلۆج و كورتە فيلم و شانۆ و كاريكاتێرەوە، كە زياتر لە رێگەى ميدياى بينراوەوە پراكتيزە دەكرێت و دەگاتە وەرگر بە مەبەستى هەرچى زياتر كاريگەريى دانان لەسەر وەرگر، ئەوەى هاوكات دەبينرێت و دەبيسترێت درەنگ لەبيردەچێتەوە و تا ماوەيەكى زۆر لە بيرو فيكرى مرۆڤدا دەمێنێتەوە. هەروەكو چۆن بە پێى توێژينەوەكان دەركەوتووە كە

ئەوەی بیرماندەکەوێتەوە بریتییە لە (10%خوێندنەوە و20% بیستن و30% بینین و 50% بینین و بیستن و70% ئەیڵێین 90% ئەیڵێین و ئەیبیستین). (الموسوی، و آخرون، مصدر سابق، ص20)..

کەناڵە ئاسمایەکانی ئیتالیا **RAI** خزمەتگوزاری کارێك و بەشداریان بۆ جەماوەر فەراهەمکردووە کە راستەوخۆ بەشداری بکەن لە لێدوان گفتوگۆو شرۆڤەکردنی پرس و بابەتەکاندا بە ناوی **Community**، یان خزمەتگوزاریەکانی **BBC**بۆ بەشداری هاوڵاتیان بە ناوی **Have Your Say**، کە بوار دەرەخسێنێت بۆ بەکاربەر بتوانێت بە وێنەو ڤیدیۆ و لە رێگەی پۆستی ئەلیکترۆنیەوە راستەوخۆ بەشداربێت لە گفتوگۆکاندا، تەنانەك پێشنیاری راپۆرتە هەواڵی خوازراوی خۆیشی بکات.وە مینبەرێکی هەواڵی بە ناوی **Democracy Live** داناوە بۆ داوای پرۆگرامی تەلەفزیۆنی یان هەر داواکارێکی تر لە میدیای بەریتانی و ئەورووپی.ئەمەش بە جەوهەری بەبازارکردنی میدیایی پرسە کۆمەڵایەتیەکان دێتە ئەژمار.

## پاری دووەم: چەمك و پێناسەو جۆرەکانی توندوتیژی

### یەکەم: پێناسەی توندوتیژی

چەمکی توندوتیژی یەکێکە لەو چەمکانەی، کە زۆرێك لە دەرونزان و کۆمەڵناسان پێناسەی جیاوازیان بۆ کردووە. ئەمەش لەلایەك بۆ خودی چەمکی توندوتیژی دەگەڕێتەوە؛ بەو پێیەی چەمکێکی ئاڵۆزە، لەلایەکی تریشەوە بۆ جیاوازیی بیوبۆچونی ئەو قوتابخانە و ئاراستە هزریانە دەگەڕێتەوە کە دەڕواننە ئەم چەمکە.

توندوتیژی: چەمکی توندوتیژی، لە زمانی فەرەنسیدا وشەی **Violence** لە روی ئیتمۆلۆژیەوە دەگەڕێتەوە بۆ وشەی لاتینی **Violanite** کە ئاماژەیە بۆ توندی و توڕییەکی دڵرەقانە، کەلە **Vis**بە واتای هێز، وە **Latus** بە واتای هەڵیئەگرێ، هاتووە، بۆیە وشەی **Violence**لە واتا سەرەتاییەکەیدا، مانای بەکارهێنانی هێزە دژی ئەوانیتر. (یوسف، 2016، ص 187)

لە ووی زمانەوانییەوە: وشەی توندوتیژی( **Violence**) هاومانایە لەگەڵ وشەی (**Viol are**)ی لاتینی، کە بەمانای (پێشێلکردن دێت) لەم کردەیەدا کەسێك وەك بکەری ئەم پێشێلکردنە ئامادەیی هەیە، هەروەها لە فەرهەنگی (وێبستر- **Webester** ) دا وشەی توندوتیژی بە مانای بەکارهێنانی هێزی جەستەیی دێت کە لە بنەڕتدا بە ئامانجی زیانگەیاندن و لێکەوتەی ئەزییەت و ئازار بۆ لایەنی بەرامبەر، پەنای بۆ دەبرێ، یان هەندێ جار مرۆڤ بەرامبەر خودی خۆی ئەنجامی دەدات واتا ئازارگەیاندن بەخود (رەفیق،2020 ل. 8)

چەمکی توندوتیژی وەك هەر چەمکێکی تری زاستە مرۆڤایەتیەکان پێناسەی زۆری بۆ کراوە، لە لایەن زانیان و پسپۆڕانی کۆمەڵناسی و دەرونناسیەوە، هاوکات لەگەڵ رێکخراوو ناوەندە پەیوەندیدارەکان بە پرسە کۆمەڵایەتییەکانەوە. کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە پێناسەی ئەکات"بریتییە لە دەستدرێژییەکی جەستەیی یان مەعنەوی لە خاوەن هێزێکی مادی یان مەعنەویەوە بەرانبەر بە لایەنێکی تر"مەبەست لە لایەن، لەم پێناسەیەدا دەکرێت، کەسێك یان گروپێك یان حیزبێك یان وڵاتێك بێت بەرانبەر بە کەس و گروپ و حیزب و وڵاتێکی تر، کە زەرەری مادی و مەعنەوی و دەرونی وجەستەیی لێدەکەوێتەوە. (الالوسی، 2012، ص20).

یان بەشێوەیەکی تر بڵێین "توندوتیژی هەر کردەوەیەک کە دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە کەسانی تر بگەیەنێت، جا زیانەکەی جەستەیی بێت یان دەروونی یان گاڵتەکردن بە خەڵک یان سەپاندنی بیروڕا بە زەبری هێز و بەکارهێنانی زمانی قێزەون ". (ثجیل، ٢٠١٦، ل٥)

لەیلا داود، بەم شێوەیە پێناسەی توندوتیژی ئەکات"توندوتیژی دوو جۆری سەرەکی لەخۆئەگرێت، جۆری یەکەم بریتییە لە ئەنجامدانی سلوکێکی توندو دوژمنکارانە بەوپەڕی هۆشیاریەوەو بەمەبەست کە ئازاری دەرونی و جەستەیی بەرانبەرەکەی لیبکەوێتەوە.جۆری دووەم بریتییە لە سلوکێکی توندی ئازاربەخشی دەروونی و جەستەیی بێ مەبەست "(داوود، 2003، ص38).

توندوتیژی بە دەستدرێژی توندو دووبارەبووەوە پێناسە دەکرێت کە ڕەنگە جەستەیی بێت، وەک لێدانی توند، یان دەروونی، وەک گاڵتەکردن و سووکایەتیکردن و جنێودان، کە لەناو خێزانەکەدا ڕوودەدات و کە لەلایەن یەکێك لەئەندامانی خێزانەوە ئەنجام بدرێت بەرانبەر ئەویتریان (جینان، شارف ٢٠١٧ ص١٣٧). توندوتیژی ڕەفتارێکی ئاگایانەیە، کەسێك بە ئامانجی ئازاردانی جەستەیی و زیانگەیاندن بە کەسێك، ئەنجامی دەدات. (کرمان و س یداباد، 2019 : 64)

پێناسەی رێکاری توێژەر: توندوتیژی دیاردەیەکی مێژووی و جیهانیە بریتیە لە پەنابردنە بەر هێز بۆ ناچارکردنی تاك، گروپ و کۆمەڵ دژ بە خواست و ئارەزووی خۆیان، واتە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەو گرفتەکان لەرێگای هێزەوە لە جیاتی زمانی گفتووگۆ و دیالۆك.

### دووەم: جۆرەکانی توندوتیژی خێزانی

1- توندوتیژی خێزانی لەڕوی شێوازەوە (الشهری، 2009، ص34-35)

2- توندوتیژی جەستەیی: لە فراوانترین و ئاشکراترین جۆرەکانی توندوتیژیە، دیارو بەرچاوە و ئاسەواری بە رونی دردەکەوێت، زۆرجار دەبێتە هۆی شێواندنی جەستەی مرۆڤەکان و بە درێژایی تەمەن کاریگەریی دەمێنێتەوە.

3- توندوتیژی رەگەزی: لە ئەنجامی جیاکاری رەگەزی و بەکەم سەیرکردنی رەگەزی بەرانبەرەوە سەرهەڵئەدات، یان تواناو هێزی زۆری رەگەزێك بەرانبەر بە رەگەزەکەی تر، کە لە جۆرە باوەکانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانە، بۆیە رادەی زیادو کەمی لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە. ئەجۆرەی توندوتیژی زیاتر ئاماژەیە بۆ توندوتیژی دژی ئافرەت کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم شێوەیە پێناسەی ئەکات"بریتیە لە هەر سلوکێکی توندی نەخوازراو دژی ئافرەت کە ببێتە هۆی ئازاردانی جەستەیی و دەرونی، یان

پشتگوێخستن و بێبەشکردنی لە مافەکانی، بە بواردنی ئەوەی کە لە چوارچێوەی خێزاندا بێت یان لە دەرەوە، بە پێی ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکانی ساڵی 2001، لە سێ ئافرەت یەکێکیان توندوتیژی بەرانبەری ئەنجامدراوە. (جمعە، مرجع سابق، ص6).

4- توندوتیژی دەرونی و فیکری:ئەم جۆرەی توندوتیژی لە دەرەنجامی جیاوازیە فیکری و ئایدیۆلۆجی و ئاینیەکانەوە سەرهەلئەدات.

5- توندوتیژی زارەکی: یەکێکە لە جۆرە باوەکانی توندوتیژی، کە کۆمەڵێك ڕەفتاری فراوان لە خۆدەگرێت وەك: هەڕەشەی زارەکی، تۆمەتبارکردن،لۆمەکردن، لاوازکردن و بیانوپێگرتن . (رضاپور، 2016 ص136).

6- توندوتیژی تەندروستی: ئەم جۆرەی توندوتیژی ئاماژەیە بۆ نەبوونی مافە تەندروستیەکانی تاك، وەك بیمەی تەندروستی و مامەڵەی نازانستی و نەشیاوی نەخۆشخانەو بنکە تەندروستیەکان لەگەڵ هاوڵاتیان و نەبوونی مافەکانی نەخۆش و بەکەم سەیرکردنیان لە کۆمەڵگادا بەگشتی. (الحسين، 2014، ص98)

7- توندوتیژی ئابووری: وەك بێبەشکردنی تاك لە میرات، یان جیاکاری سودمەندبوونی هاوڵاتیان لە هاوکارییە مادییەکانی حکومەت. (جمعە، مصدر سابق، ص9)

ئەم جۆرانەی توندوتیژی کە باسیان لێوەکراوە ڕاگەیاندنی بینراو دەتوانێت بەشێوەیەك لە شێوەکان ببێتە هۆکارێك بۆ کەم و زیادکردنیان و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگا وەك ئەوەی پلانی بۆ داناوە، ئەمەش بۆ ئەوەدەگەڕێتەوە کە هیچ جۆرە بۆشاییەك لە نێوان ڕاگەیاندنی بینراو جەماوەکەیدا نابینرێت.

**سێیەم: پۆلێنکردنی توندوتیژی**

توندوتیژی بە شێوازێکی تر پۆلێن دەکرێت کە ڕاگەیاندن ڕۆڵی هەیە لە بڵاوکردنەوە و ئاشناکردنی ئەو پۆلێنکردنە بە جەماوەر لەوانە: (الإسكندراني، 2023، ص4)

یەکەم: توندوتیژیی ڕەوا و ناڕەوا

توندوتیژیی ڕەوا لەلایەن دامەزراوەکانی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێت، لەکاتێکدا توندوتیژی ناڕەوا بریتییە لە بەکارهێنانی هێز لەسەر بنەمای ناشەرعی لەلایەن گروپە ئۆپۆزسیۆنەکانەوە.

دووەم: توندوتیژیی شەرعی و ناشەرعی

توندوتیژی شەرعی لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی بزووتنەوە نارەزایەتییەکان ئەنجام دەدرێت، لەکاتێکدا توندوتیژی و بەرخۆدانی ناشەرعی لەلایەن گروپەکانەوە دژی دەسەڵاتدار بەکاردەهێنرێت.

سێیەم: توندوتیژی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ

توندوتیژی تاکەکەسی لەلایەن تاکێکەوە بۆ گەیشتن بە ئامانج و ئامانجە کەسییەکان ئەنجام دەدرێت، وەک ئەو توندوتیژییەی کە ئەندامێکی خێزانەکەی بەرامبەر کەسێکی دیکە ئەنجامی دەدات. توندوتیژی بەکۆمەڵ لەلایەن گروپەکانەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجگەلێک ئەنجام دەدرێت کە دوور لە بەرژەوەندی خۆ یان قازانجی کەسی.

**چوارەم: هۆکارەکانی سەرهەڵدانی توندوتیژی خێزانی**

ئەو فاکتەرانەی کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی زۆرن، پسپۆڕانی بواری کۆمەڵناسی ئاماژەیان بە هۆکارو فاکتەری زۆر کردووە، کە دیارترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە: (عەبدوڕەحمان، 2013 ، ل 29-30) (خالد، جهود، 2006، ص 8-11)

1- هۆکاری نەخۆشی: بریتی بێت لەبوونی نەخۆشی، جا ئەو نەخۆشیە (جەستەیی عەقڵی) بێت یان (دەروونی) بێت .

2- هۆکاری ئالودەی ماددەی هۆشبەر: لەوانەیە ئەو کەسەی توندوتیژی بەکاردەهێنێ لەناو خێزان ئالوودە بێت .

3- هۆکاری لاوازی توانای کۆمەڵایەتی:ئەو کەسەی توندوتیژی بەکاردەهێنێت، دەتوانین بڵێین توانای کۆمەڵایەتی لاوازە، بۆیە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی توندوتیژی، چونکە ئەگەر هاتوو ئەو کەسە توانای کۆمەڵایەتی بەهێزبێت و گوێ لەبیروبۆچوونی کەسی بەرامبەر بگرێت و گفتوگۆی لەگەڵدا بکات، ئەوا پەنا ناباتەبەر بەکارهێنانی توندوتیژی .

4- هۆکاری خۆ کۆنترۆڵ نەکردن لەکاتی تووڕەیی: ئەو کەسەی توندوتیژی بەکاردەهێنێ، توانای خۆ کۆنترۆڵکردنی نیە لەکاتێك کە تووڕەدەبێ.

5- هۆکاری ئابوری: پەیوەستە بە باری ئابوری و ئاستی گوزەران و بژێوی خێزانەوە، زۆرجار لەبەر کەمدەستی و هەژاری، خێزانەکان ئاژاوەو ناکۆکی و دوبەرەکیان تێئەکەوێت، تا ئاستێك توندوتیژی لێدەکەوێتەوەو بگرە لەوانەیە بگاتە ئاستی لێکهەڵوەشان ولێکترازوانی ئەندامانی.

6- هۆکاری روشنبیری: نزمی ئاستی رۆشنبیری تاکەکانی خێزان ونائاشنابوونیان بە ماف و ئەرکە کۆمەڵایەتیەکانیان، نەبوونی گوفتوگۆو لێکتێگەیشتن لە نێوانیاندا لەسەر پرس و بابەتەکان دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی خێزانی.

7- ئاشنانەبوون بە پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵایەتی سەردەم ونەبوونی خوێندنەوەیەکی واقعی بۆ گۆڕنکاری و پێشکەوتنە تەکنۆلۆجیەکان وئاسەوارە ئەرێنی و نەرێنیەکانیان، لە سەرتاك و خێزان.

8- هۆکاری تەکنۆلۆجی: خراپ بەکارهێنان و مامەڵەکردنێکی ناتەندروست لەگەڵ تەکنۆلۆجیای سەردەمدا، کە زۆرجار ئاژاوەو کێشەی کۆمەڵایەتی گەورەی لێدەکەوێتەوە.

9- هۆکاری یاسایی: لاوازی، یان نەبوونی یاساو ڕێسای کۆمەڵایەتی شیاو و گونجاوب ۆ ڕێکخستنی خێزان، لە لایەك و نائامادەگی یاسا لە چارەسەرکردنی ئاریشە کۆمەڵایەتییەکاندا.

10- ناکارایی ڕێکخراو و ناوەندە حکومییەکانی پەیوەست بە چاودێریکردنی پرسە کۆمەڵایەتییەکان و توندوتیژی خێزانی.

**پێنجەم: بڵاوبوونەوەی شێوازی تاوان و توندوتیژییەکان لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە**

ڕاگەیاندن، زۆرجار لە بری کەمکردنەوەی توندوتیژی، دەبنە هۆی زیادکرنی ئەو دیاردەیە، ئەویش بە هۆی ڕەچاونەکردنی ئێتیکی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەوانییەوەیە، ئەو جۆرانەی توندوتیژی کە بڵاوەدەکرێنەوە ئەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە دەستنیشان بکەین: (الالوسی،2012، ص81) (منظمة الصحة العالمية، 2005، ص17)

1- تاوانە تاکە کەسیەکان: بڵاوکردنەوەی کردەیەکی توندوتیژی لە لایەن کەسێکەوە.

2- تاوانە ڕێکخراوەکان: بریتیە بڵاوکردنەوەی زانیاری لە بارەی ئەو توندوتیژیەی کە لە ڕێگەی پلان و نەخشەو خواستێکی ئامانجداری لە پێشینەوە ئەنجام ئەدرێت.

3- گروپ و دەستەو تاقم و ڕێکخراوە تیرۆرستیەکان: ڕومانی کردەی تیرۆریستی 2001/9/11لە ئەمریکا، لە لایەن میدیای ئەو وڵاتەو سەرجەم وڵاتانی تری جیهانەوە نمونەیەکی دیاری ئەمجۆرەیە.

4- توندوتیژی خێزانی: ڕاگەیاندن زۆرجار ڕومانی توندوتیژی خێزانی ئەکات، بە تایبەتی توندوتیژی دژی منداڵ و ئافرەت، کە دوو جۆری زۆر فراوان و دیاری ئەمجۆرەن.

5- توندوتیژی ڕەگەزی: هەواڵ و زانیاری توندوتیژی نێوان هەردوو ڕەگەز بەرانبەر بە یەکتری، کە تا ئێستاش لە کۆمەڵگا پێشکەوتوو دواکەوتووەکاندا ئافرەت قوربانی یەکەمە.

6- توندوتیژی دژ بە کەمینەکان: ئەمجۆرەی توندوتیژی لە وڵاتە دیکتاتۆرەکاندا، بە ڕوونی دەرئەکەوێت کە لەگەڵ و نەتەوەی جیاواز پێکهاتوون.

7- توندوتیژی خودی: ئەمجۆرەی توندوتیژی مرۆڤ بەرانبەر بە خۆی بەکاری ئەهێنێت و لە ناو ڕەگەزی مێینەدا زۆر بەرچاوە، وەك خۆکوشتن، خۆسوتاندن، خۆتەقاندنەوە، یان هەرجۆرە ئازاردانێکی خود.

8- توندوتیژی دەوڵەت: ئەو جۆرە توندوتیژیەیە، کە حکومەت و دەوڵەت لە ناوخۆ و دەرەوەدا ئەنجامی ئەدات، زەقترین نموونە، بریتییە لە ستەم و کوشتن و برین و تۆقاندنی ڕژێمی بەعسی ڕوخاو دژی گەلی کورد، لە چوارچێوەی تاوانەکانی ئەنفال و کیمیاییباران و پاکتاوی ڕەگەزیدا.

لێرەدا ئەتوانین ئاماژە بکەین بەوەی کە سەدەی بیست و یەکەم، کە بە سەدەی توندوتیژی جیهانی ئەژمێردرێت، کە دوو جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم تێیدا ڕویانداوە، لەگەڵ چەندین شەڕی وڵات وێرانکەری تردا، کۆی قوربانیەکان بە پێی ئاماری توێژینەوەکان بە زیاتر لە 191ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت.

## بەشی سێیەم: لایەنی پراکتیکی توێژینەوە

**یەکەم: تەواوی برگەکانی فۆرمی ڕاپرسییەکە**

1. ڕاگەیاندنی بینراو پاش ساڵی 1991 لەڕووی چۆنایەتییەوە گەشەیەکی بەرچاوی کردووە.
2. گەشەی چۆنایەتیی ڕاگەیاندنی بینراو لە ئاست داخوازییەکانی تاکی کورددایە.
3. پەیامی ڕاگەیاندنی بینراو خزمەت بە حزب و سیاسەتێکی دیاریکراو دەکات نەك کۆی کۆمەڵگای کوردی.
4. ڕاگەیاندنی بینراو پابەندبووە بە ئێتیکی ڕۆژنامەگەرییەوە لە ڕوومانی ڕووداو و قەیرانەکاندا.
5. ڕاگەیاندنی بینراو زیاتر هۆکاری کۆمەڵایەتی بووە تا سەقامگیری.
6. ڕاگەیاندنی بینراو هێندەی لێکترازانی خێزان بووە ئەوەندە هۆکاری یەکگرتووی نەبووە.
7. ڕاگەیاندنی بینراو نەبوەتە هۆی ڕێکخستنی ناو ماڵی کورد.
8. ڕاگەیاندنی بینراو خەمساردبووە لە ئاست کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و توندوتیژی خێزانی بەتایبەتی.
9. گۆڤارە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر هۆکاری نائارامی خێزانی و توندوتیژی بوون تا زانیاری بەخش و ئاسوودەی خێزان.
10. وێنە وروژێنەرەکانی سەر بەرگی گۆڤار و ناوەرۆکیان زیاتر بێڕێزییە بە ئافرەت نەك خزمەتکردنی مافەکانیان.
11. ڕۆژنامەکان زیاتر دەستکەوتی مادی لەبەرچاو دەگرن لەبڵاوکردنەوەی ڕیکلام و هەواڵ و زانیارییەکاندا نەوەك بەرژەوەندی کۆمەڵگا.
12. مانشێتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەمەبەست وروژێنەرن و توندوتیژی بەرهەم ئەهێنن لەپێناوی تیراژی زۆر و دەستکەوتی مادیدا.
13. ڕاگەیاندنی بینراوی کوردی زیاتر لە جۆرەکانی تری ڕاگەیاندنی کوردی کاریگەرترە.
14. درامای تەلەفزیۆنی ناو کەناڵە بینراوەکان زیاتر هۆکاری دروستکردنی توندوتیژی بوون تا کەمکردنەوەی.
15. تەلەفزیۆنی جاران هۆکاری کۆکردنەوەی خێزان بووە لەدەوری یەك بەڵام ئێستا ئەو ڕۆڵی لاواز بووە.
16. دراما دۆبلاژکراوەکان لەگەڵ دابونەریتی کوردەواریدا ناگونجێن زیاتر پشێوی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن.
17. ڕاگەیاندنی بینراوی کوردی لە دەستنیشانکردنی دراماکاندا بەرژەوەندی خۆیان لەبەرچاودەگرن نەك کۆمەڵگا.

18. کەناڵە ئاسمانیی و ناوخۆییەکان لە پرۆگرامەکانیاندا ڕەچاوی ڕەگەز و تەمەن ناکەن.
19. کارتۆنی کەناڵە ئاسمانیی و لۆکاڵییە کوردییەکان زیاتر توندوتیژی دروست جەکات تا بینینی ڕۆڵی زانیاری بەخشین و پەروەردەکردن.
20. لاوازی و کەمی بەرنامە کۆمەڵایەتیی بە گشتی و لاوازی ئافرەتان بە تایبەتی هۆکارێك بووە بۆ گەشەسەندنی توندوتیژی و لێکترازانی خێزانی.

**دووەم: ئەنجامی خشتەکانی توێژینەوەکە**

لەم بەشەدا بەرێکاری (ڕووپێویی)و بە بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی، ژمارەیەك لەقوتابیانی لە کۆلێژی ئاداب، لە زانکۆی سەلاحەدین، قۆناغی (4)ی بەشی ڕاگەیاندن کە ژمارەیان (26) قوتابی و قۆناغی (4)ی بەشی کۆمەڵناسی کە ژمارەیان (44)قوتابی وەك سامپڵی توێژینەوەکە وەرگیراوە، کە کۆی گشتیی سامپڵی توێژینەوەکە (70) قوتابییە.

**خشتەی (3) تەواوی برگەکانی ناو فۆرمی ڕاپرسییەکە ڕوون دەکاتەوە**

| برگە | بەشەکان | بەتەواوی لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | نازانم | لەگەڵیدانیم | بەتەواوی لەگەڵیدانیم | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پیوانەی | گرنگی ڕێژەیی | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | تکرار | تکرار | تکرار | تکرار | تکرار | | | | |
| | | % | % | % | % | % | Mean | S.D | RI | Results |
| X1 | راگەیاندن | 5 | 20 | - | - | 1 | 3.13 | 1.17 | 62.60 | لەگەڵیدام |
| | | 19.23 | 76.92 | - | - | 3.84 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 14 | 26 | - | 3 | 1 | | | | |
| | | 31.81 | 59.09 | - | 6.81 | 2.27 | | | | |
| X2 | راگەیاندن | - | 13 | 1 | 8 | 3 | 3.08 | 1.12 | 61.60 | لەگەڵیدانیم |
| | | - | 50 | 3.84 | 30.76 | 11.53 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 5 | 13 | 7 | 15 | 8 | | | | |
| | | 11.36 | 29.54 | 15.9 | 34.09 | 18.18 | | | | |
| X3 | راگەیاندن | 13 | 6 | 3 | 1 | 3 | 2.3 | 1.14 | 46.00 | بەتەواوی لەگەڵیدام |
| | | 50 | 23.07 | 11.53 | 3.84 | 11.53 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 18 | 15 | 1 | 4 | 6 | | | | |
| | | 40.09 | 34.09 | 2.27 | 9.09 | 13.63 | | | | |
| X4 | راگەیاندن | 1 | 9 | - | 10 | 6 | 3.37 | 1.26 | 67.40 | لەگەڵیدانیم |
| | | 3.84 | 34.61 | - | 38.46 | 23.07 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 2 | 11 | 9 | 15 | 7 | | | | |
| | | 4.54 | 25 | 20.45 | 34.09 | 15.9 | | | | |
| X5 | راگەیاندن | 5 | 9 | 3 | 7 | 2 | 2.74 | 1.3 | 54.80 | لەگەڵیدام |
| | | 19.23 | 34.61 | 11.53 | 26.92 | 7.69 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 9 | 16 | 3 | 14 | 4 | | | | |
| | | 20.45 | 36.36 | 6.81 | 31.81 | 9.09 | | | | |
| X6 | راگەیاندن | 3 | 12 | - | 7 | 4 | 2.89 | 1.19 | 57.80 | لەگەڵیدام |
| | | 11.53 | 46.15 | - | 26.92 | 15.38 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 9 | 22 | 3 | 7 | 3 | | | | |
| | | 20.45 | 50 | 6.81 | 15.9 | 6.81 | | | | |
| X7 | راگەیاندن | 8 | 13 | - | 5 | - | 3.27 | 1.25 | 65.40 | لەگەڵیدام |
| | | 30.76 | 50 | - | 19.23 | - | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 16 | 13 | 1 | 7 | 7 | | | | |
| | | 36.36 | 29.54 | 2.27 | 15.9 | 15.9 | | | | |
| X8 | راگەیاندن | 6 | 14 | 1 | 6 | 1 | 2.92 | 1.2 | 58.40 | لەگەڵیدام |
| | | 23.07 | 53.84 | 3.84 | 23.07 | 3.84 | | | | |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | کۆمەڵناسی | 13 | 17 | 2 | 10 | 2 | | | | |
| | | 29.54 | 38.63 | 4.54 | 22.72 | 4.54 | | | | |
| X9 | ڕاگەیاندن | 8 | 8 | 4 | 6 | - | 3.26 | 1.34 | 65.20 | لەگەڵیدام |
| | | 30.76 | 30.76 | 15.38 | 23.07 | - | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 8 | 15 | 3 | 13 | 5 | | | | |
| | | 18.18 | 34.09 | 6.81 | 29.54 | 11.36 | | | | |
| X10 | ڕاگەیاندن | 12 | 9 | - | 3 | 2 | 2.99 | 1.19 | 59.80 | بەتەواوی لەگەڵیدام |
| | | 46.15 | 34.61 | - | 11.53 | 7.69 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 23 | 10 | 2 | 4 | 4 | | | | |
| | | 52.27 | 22.72 | 4.54 | 9.09 | 9.09 | | | | |
| X11 | ڕاگەیاندن | 13 | 8 | 1 | 4 | - | 3.55 | 1.08 | 71.00 | بەتەواوی لەگەڵیدام |
| | | 50 | 30.76 | 3.84 | 15.38 | - | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 17 | 20 | 1 | 2 | 4 | | | | |
| | | 38.63 | 45.45 | 2.27 | 4.54 | 9.09 | | | | |
| X12 | ڕاگەیاندن | 12 | 9 | 3 | 1 | 1 | 2.91 | 1.24 | 58.20 | لەگەڵیدام |
| | | 46.15 | 34.61 | 11.53 | 3.84 | 3.84 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 11 | 18 | 7 | 5 | 3 | | | | |
| | | 25 | 40.9 | 15.9 | 11.36 | 6.81 | | | | |
| X13 | ڕاگەیاندن | 13 | 8 | 2 | 2 | 1 | 3 | 1.24 | 60.00 | بەتەواوی لەگەڵیدام |
| | | 50 | 30.76 | 7.69 | 7.69 | 3.84 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 20 | 12 | 2 | 6 | 4 | | | | |
| | | 45.45 | 27.27 | 4.54 | 13.63 | 9.09 | | | | |
| X14 | ڕاگەیاندن | 5 | 14 | 3 | 3 | 1 | 3.59 | 1.28 | 71.80 | لەگەڵیدام |
| | | 19.23 | 53.84 | 11.53 | 11.53 | 3.84 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 13 | 22 | 3 | 3 | 3 | | | | |
| | | 29.54 | 50 | 6.81 | 6.81 | 6.81 | | | | |
| X15 | ڕاگەیاندن | 11 | 9 | 1 | 3 | 2 | 3.27 | 1.16 | 65.40 | بەتەواوی لەگەڵیدام |
| | | 42.3 | 34.61 | 3.84 | 11.53 | 7.69 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 21 | 21 | 2 | - | - | | | | |
| | | 47.72 | 47.72 | 4.54 | - | - | | | | |
| X16 | ڕاگەیاندن | 10 | 9 | - | 3 | 4 | 3.41 | 1.14 | 68.20 | بەتەواوی لەگەڵیدام |
| | | 38.46 | 34.61 | - | 11.53 | 15.38 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 22 | 17 | 1 | 3 | 1 | | | | |
| | | 50 | 38.63 | 2.27 | 6.81 | 2.27 | | | | |
| X17 | ڕاگەیاندن | 13 | 11 | - | - | 2 | 3.27 | 1.32 | 65.40 | بەتەواوی لەگەڵیدام |
| | | 50 | 42.3 | - | - | 7.69 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 19 | 19 | 1 | 3 | 2 | | | | |
| | | 43.18 | 43.18 | 2.27 | 6.81 | 4.54 | | | | |
| X18 | ڕاگەیاندن | 14 | 6 | 1 | 3 | 2 | 2.79 | 1.26 | 55.80 | بەتەواوی لەگەڵیدام |
| | | 53.84 | 23.07 | 3.84 | 11.53 | 7.69 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 17 | 15 | 3 | 3 | 6 | | | | |
| | | 38.63 | 34.09 | 6.81 | 6.81 | 13.63 | | | | |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| X19 | ڕاگەیاندن | 8 | 12 | 4 | - | 2 | 3.47 | 1.23 | 69.40 | لەگەڵیدام |
| | | 30.76 | 46.15 | 15.38 | - | 7.69 | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 12 | 18 | 3 | 6 | 5 | | | | |
| | | 27.27 | 40.9 | 6.81 | 13.63 | 11.36 | | | | |
| X20 | ڕاگەیاندن | 4 | 13 | 5 | 4 | - | 2.96 | 1.17 | 59.20 | لەگەڵیدام |
| | | 15.38 | 50 | 19.23 | 15.38 | - | | | | |
| | کۆمەڵناسی | 15 | 15 | 1 | 9 | 4 | | | | |
| | | 34.09 | 34.09 | 2.27 | 20.45 | 9.09 | | | | |
| کۆی گشتی | | 429 | 561 | 87 | 205 | 118 | 3.11 | 1.21 | 62.17 | لەگەڵیدام |
| | | 30.64 | 40.07 | 6.21 | 14.64 | 8.42 | | | | |

بۆچوونی قوتابیانی هەردوو بەشی قۆناغی (4)ی (ڕاگەیاندن – کۆمەڵناسی) سەبارەت بە کاریگەریی ڕاگەیاندنی بینراو لەسەر بڵاوبوونەوەی توندوتیژی خێزانیی لە هەرێمی کوردستان

لە خشتەی سەرەوەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە ئەنجامی گشتی برگەکان بەم شێوەیە بوو، کە ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (هەرگیز لەگەڵیدانیم) دەکاتە (8.42%)، ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (لەگەڵیدانیم) دەکاتە (14.64%) هەروەها ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (نازانم) دەکاتە (6.21%) لە کاتێکدا ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (لەگەڵیدام) دەکاتە (40.07%)، ڕێژەی وەڵامدانەوەی بۆ بژاردەی (زۆر لەگەڵیدام) دەکاتە (30.64%) لە کاتێکدا ناوەندی ژمێرەیی برییتیە لە (3.11) کە بەگوێری (مقاسیی ليكات الخماسي) هەروەها کە گرنگی ڕێژەیەکەشی (Relative Important) بۆ ئەم برگانە لە لایەن بەرتوێژانەوە بە ڕێژەی (62.17%) گرنگی ڕێژەیی لەلای بەرتوێژانەوە هەروەها لادانی پێوانەی دەکاتە (1.21) و ئەنجامی گشتی برگەکانیش (لەگەڵیدام)بوون.

بۆچوونی نموونەی توێژینەوەکە بەرامبەر بە برگەی (١) سەبارەت بە (ڕاگەیاندنی بینراو پاش ساڵی 1991 لەڕووی چۆنایەتییەوە گەشەیەکی بەرچاوی کردووە) ناوەندی ژمێرەیی (3.13)، لادانی پێوانەی (1.17)، گرنگی ڕێژەیی (62.60)، ئەنجام (لەگەڵیدام)، کەواتە بەپێی ئەم ئەنجامانەی سەرەوە دەرکەوتووە زۆرترینی ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدا کە (ڕاگەیاندنی بینراو پاش ساڵی 1991 لەڕووی چۆنایەتییەوە گەشەیەکی بەرچاوی کردووە) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کەناڵی بینراو لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە شاری هەولێر زیادیان کردووە و بەرنامەکانیان بەخش و بڵاودەکەنەوە .

سەبارەت بە برگەی (٢) تایبەت بە (گەشەی چۆنایەتیی ڕاگەیاندنی بینراو لە ئاست داخوازییەکانی تاکی کورددایە) ناوەندی ژمێرەیی (3.08)، لادانی پێوانەی (1.12)، گرنگی ڕێژەیی (61.60)، ئەنجام (لەگەڵیدام)، کەواتە بەپێی ئەم ئەنجامانەی سەرەوە دەرکەوتووە زۆرترینی ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدا نین کە (گەشەی چۆنایەتیی ڕاگەیاندنی بینراو لە ئاست داخوازییەکانی تاکی کورددایە) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژمارەیەکی بەرچاو لە کەناڵی بینراو لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە شاری هەولێر هەیە بەڵام زۆربەی کات بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی و سپەیسی کەناڵ و ڕاگەیاندنی بینراو بەپێی ئاست و داخوازییەکانی تاکی کورد بەرنامەکانیان بەخش و بڵاو ناکەنەوە و زۆربەی کات پەنا بۆ درامای بیانی دەبەن کە لەگەڵ کلتوری کورديدا ناگونجێت ئەم برگەیە لەگەڵ برگەی (14) ڕاستەوانە دەگونجێت.

برگەی (٣) سەبارەت بە (پەیامی ڕاگەیاندنی بینراو خزمەت بە حزب و سیاسەتێکی دیاریکراو دەکات نەك کۆی کۆمەڵگای کوردی)، ناوەندی ژمێرەیی (2.3)، لادانی پێوانەی (1.14)، گرنگی ڕێژەیی (46)، ئەنجام (بەتەواوی لەگەڵیدام) کەواتە بەپێی ئەم ئەنجامانەی سەرەوە دەرکەوتووە زۆرترینی ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە (پەیامی ڕاگەیاندنی بینراو خزمەت بە حزب و سیاسەتێکی دیاریکراو دەکات نەك کۆی کۆمەڵگای کوردی) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە کەناڵی بینراو لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە شاری هەولێر، لەلایەن حزب یان کەسێکی حزبییەوە پشتگیری دەکرێن.

سەبارەت بە برگەی (٤) دەربارەی (ڕاگەیاندنی بینراو پابەندبووە بە ئیتیکی ڕۆژنامەگەرییەوە لە ڕووماڵی ڕووداو و قەیرانەکاندا)، ناوەندی ژمێرەیی (3.37)، لادانی پێوانەی (1.26)، گرنگی ڕێژەیی (67.40)، ئەنجام (لەگەڵیدانیم)،کەواتە بەپێی ئەم ئەنجامانەی سەرەوە دەرکەوتووە زۆرترینی ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدانین کە (ڕاگەیاندنی بینراو پابەندبووە بە ئیتیکی ڕۆژنامەگەرییەوە لە ڕووماڵی ڕووداو و قەیرانەکاندا) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ژمارە زۆرە لە کەناڵی بینراو لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەتی لە شاری هەولێر، لەلایەن کەسانی بەئەزموون و پرۆفیشناڵەوە بەڕێوە نابرێت ئەمەش لەگەڵ برگەی (3) دا دەگونجێت.

بۆچوونی نموونەی توێژینەوەکە بەرامبەر بە برگەی (٥) سەبارەت بە (ڕاگەیاندنی بینراو زیاتر هۆکاری کۆمەڵایەتی بووە تا سەقامگیری)، ناوەندی ژمێرەیی (2.74)، لادانی پێوانەی (1.3)، گرنگی ڕێژەیی (54.80)، ئەنجام (لەگەڵیدام) کەواتە بەپێی ئەم ئەنجامانەی سەرەوە دەرکەوتووە زۆرترینی ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە (ڕاگەیاندنی بینراو زیاتر هۆکاری کۆمەڵایەتی بووە تا سەقامگیری) لێرەدا دادگاکان گەواهیدەری ئەوە برگەیەن کە ڕۆژانە چەندین کەیسی لێکترازانی خێزانیی و توندوتیژی خێزانی دێتە لایان ئەمەش لەگەڵ برگەی (6) دا دەگونجێت.

بەرامبەر بڕگەی (٦) دەربارەی (ڕاگەیاندنی بینراو هێندەی لێکترازانی خێزان بووە ئەوەندە هۆکاری یەکگرتووی نەبووە)، ناوەندی ژمێرەیی (2.89)، لادانی پێوانەی (1.19)، گرنگی ڕێژەیی (57.80)، ئەنجام (لەگەڵیدام) کەواتە بەپێی ئەم ئەنجامانەی سەرەوە دەرکەوتووە زۆرترینی ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە (ڕاگەیاندنی بینراو هێندەی لێکترازانی خێزان بووە ئەوەندە هۆکاری یەکگرتووی نەبووە) لێرەدا دادگاکان گەواهیدەری هەردوو برگەی (5 و6) کە ڕۆژانە چەندین کەیسی لێکترازانی خێزانیی و توندوتیژی خێزانی بەهۆی ئەو بەرنامانەی کە پەخش و بڵاودەکرێنەوە دێتە لایان.

بەرامبەر بڕگەی (٧) سەبارەت بە (ڕاگەیاندنی بینراو نەبوەتە هۆی ڕێکخستنی ناو ماڵی کورد)، ناوەندی ژمێرەیی (3.27)، لادانی پێوانەی (1.25)، گرنگی ڕێژەیی (65.40)، ئەنجام (لەگەڵیدام)، ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت، زۆرترینی ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە(ڕاگەیاندنی بینراو نەبوەتە هۆی ڕێکخستنی ناو ماڵی کورد)، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە و هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پاڵپشتی زۆربەی زۆری ڕاگەیاندنی بینراو لە هەرێمی کوردستان و شاری هەولێر لەلایەن حزب و کەسانی حزبییەوەن و کەسانی پرۆفیشناڵ بەڕێوەیان نابەن ئەم برگەیە لەگەڵ هەردوو برگەی (3 و 4) دەگونجێت.

بۆچوونی نموونەی توێژینەوەکە بەرامبەر بە بڕگەی (8) سەبارەت بە (ڕاگەیاندنی بینراو خەمساردبووە لە ئاست کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و توندوتیژی خێزانی بەتایبەتی) ناوەندی ژمێرەیی (2.92)، لادانی پێوانەی (1.2)، گرنگی ڕێژەیی (58.4)، ئەنجام (لەگەڵیدام) زۆرترینی ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە(ڕاگەیاندنی بینراو خەمساردبووە لە ئاست کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و توندوتیژی خێزانی بەتایبەتی)، ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە و هۆکاری سەرەکییش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی زۆری ڕاگەیاندنی بینراو لە هەرێمی کوردستان و شاری هەولێر بەرنامەی گونجاو یان بە لێکنزیکبوونەوەی تاکەکانی ناو خێزان ئەم برگەیە لەگەڵ برگەی (5 و6) دەگونجێت.

سەبارەت بە بڕگەی (9) تایبەت بە (گۆڤارە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر هۆکاری نائارامی خێزانی و توندوتیژی بوون تا زانیاری بەخش و ئاسوودەی خێزان) ناوەندی ژمێرەیی (3.26)، لادانی پێوانەی (1.34)، گرنگی ڕێژەیی (65.2)، ئەنجام (لەگەڵیدام)، کەواتە بەپێی ئەم ئەنجامانەی سەرەوە دەرکەوتووە زۆرترینی ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە (گۆڤارە کۆمەڵایەتییەکان زیاتر هۆکاری نائارامی خێزانی و توندوتیژی بوون تا زانیاری بەخش و ئاسوودەی خێزان) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ژمارەیەکی کەمی گۆڤار لە هەرێمی کوردستان و لە شاری هەولێر دەردەچن بە گشتی و گۆڤاری تایبەت بە لایەنی کۆمەڵایەتی کەمتر دەچن و لەناو لە کەناڵی بینراو دا پەخش و بڵاودەکرێنەوە.

بڕگەی (10) سەبارەت بە (وێنە وروژێنەرەکانی سەر بەرگی گۆڤار و ناوەرۆکیان زیاتر بێرێزییە بە ئافرەت نەك خزمەتکردنی مافەکانیان)، ناوەندی ژمێرەیی (2.99)، لادانی پێوانەی (1.19)، گرنگی ڕێژەیی (59.8)، ئەنجام (بەتەواوی لەگەڵیدام) کەواتە بەپێی ئەم ئەنجامانەی سەرەوە دەرکەوتووە زۆرترینی ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە (وێنە وروژێنەرەکانی سەر بەرگی گۆڤار و ناوەرۆکیان زیاتر بێرێزییە بە ئافرەت نەك خزمەتکردنی مافەکانیان) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ژمارەیە کەمەی گۆڤار کە لە هەرێمی کوردستان و لە شاری هەولێر دەردەچن لەڕووی پڕفرۆشییەوە ناتوانن بەردەوامی بەدەرچوونی گۆڤارەکانیان بدەن ئەم هۆکارە بەکاردەهێن بۆ زیاتر پڕفرۆشییان.

سەبارەت بە بڕگەی (11) دەربارەی (ڕۆژنامەکان زیاتر دەستکەوتی ماددی لەبەرچاو دەگرن لەبڵاوکردنەوەی ریکلام و هەواڵ و زانیارییەکاندا نەوەك بەرژەوەندی کۆمەڵگا)، ناوەندی ژمێرەیی (3.55)، لادانی پێوانەی (1.08)، گرنگی ڕێژەیی (71)، ئەنجام (بەتەواوی لەگەڵیدام) ئەم ئەنجامانە بە هەمانشێوەی برگەی (10)ن  دەرکەوتووە زۆرترینی ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە (ڕۆژنامەکان زیاتر دەستکەوتی ماددی لەبەرچاو دەگرن لەبڵاوکردنەوەی ریکلام و هەواڵ و زانیارییەکاندا نەوەك بەرژەوەندی کۆمەڵگا) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هەرێمی کوردستان و لە شاری هەولێر ڕێژەیەکی کەم ڕۆژنامە دەردەچن لەڕووی پڕفرۆشییەوە ناتوانن بەردەوامی بەدەرچوونی ڕۆژنامەکانیان بدەن ریکلام و هەندێ هەواڵ کە لەبەرژەندی کۆمەڵگادا نەبن بڵاودەکەنەوە.

بۆچوونی نموونەی توێژینەوەکە بەرامبەر بە بڕگەی (12) سەبارەت بە (مانشێتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەمەبەست وروژێنەرن و توندوتیژی بەرهەم ئەهێنن لەپێناوی تیراژی زۆر و دەستکەوتی مادیدا)، ناوەندی ژمێرەیی (2.91)، لادانی پێوانەی (1.24)، گرنگی ڕێژەیی (58.2)، ئەنجام (لەگەڵیدام)، ئەم ئەنجامانە بە هەمانشێوەی برگەی (11)ن دەرکەوتووە زۆرترینی ڕێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە (مانشێتی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بەمەبەست وروژێنەرن و توندوتیژی بەرهەم ئەهێنن لەپێناوی تیراژی زۆر و دەستکەوتی مادیدا) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هەرێمی کوردستان و لە شاری هەولێر ڕێژەیەکی کەم ڕۆژنامە و گۆڤار دەردەچن و لە ناو کەناڵێکی بینراودا بڵاودەکرێنەوە ئەوانەش کە بڵاودەکرێنەوە، لەڕووی پڕفرۆشییەوە ناتوانن بەردەوامی بەدەرچوونی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانیان بدەن بۆیە بەهەندێ مانشێتی وروژێنەر و دەستکەوتی مادیی  دەبنەهۆکارێك بۆ توندوتیژی.

بڕگەی (13) دەربارەی (ڕاگەیاندنی بینراوی کوردی زیاتر لە جۆرەکانی تری ڕاگەیاندنی کوردی کاریگەرترە)، ناوەندی ژمێرەیی (3)، لادانی پێوانەی (1.24)، گرنگی ڕێژەیی (60)، ئەنجام (بەتەواوی لەگەڵیدام) بەپێی ئەنجامەکانی ئەم برگەیە دەردەکەوێت زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە کۆکن لەسەر ئەوەی (ڕاگەیاندنی بینراوی کوردی زیاتر لە جۆرەکانی تری ڕاگەیاندنی کوردی کاریگەرترە)، ئەمەش بۆ دەگەڕێتەوە کە ڕاگەیاندنی بینراو بەهەموو جۆرەکانییەوە بەردەوام لە زیادبووندان.

برگەی (14) سەبارەت بە (درامای تەلەفزیۆنی ناو کەناڵە بینراوەکان زیاتر هۆکاری دروستکردنی توندوتیژی بوون تا کەمکردنەوەی)، ناوەندی ژمێرەیی (3.59)، لادانی پێوانەی (1.28)، گرنگی رێژەیی (71.8)، ئەنجام (لەگەڵیدام) ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت، زۆربەی نمونەی توێژینەوەکە بۆچوونیان وایە کەبەڵێ (درامای تەلەفزیۆنی ناو کەناڵە بینراوەکان زیاتر هۆکاری دروستکردنی توندوتیژی بوون تا کەمکردنەوەی)، ئەم برگەیە هاوتایە لەگەڵ برگەی (5و 6)

بۆچوونی نموونەی توێژینەوەکە بەرامبەر بە برگەی (15) سەبارەت بە (تەلەفزیۆنی جاران هۆکاری کۆکردنەوەی خێزان بووە لەدەوری یەك بەڵام ئێستا ئەو رۆڵی لاواز بووە) ناوەندی ژمێرەیی (3.27)، لادانی پێوانەی (1.16)، گرنگی رێژەیی (65.4)، ئەنجام (بەتەواوی لەگەڵیدام)، ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت، زۆرترینی رێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە(تەلەفزیۆنی جاران هۆکاری کۆکردنەوەی خێزان بووە لەدەوری یەك بەڵام ئێستا ئەو رۆڵی لاواز بووە)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تەلەفزیۆنی جاران بەرنامەکانی لەگەڵ کلتوری کوردیدا دەگونجاو هۆکارێك بوو بۆ چارەسەرکردن و کەمکردنەوەی کێشەکان بەپێچەوانەی راگەیاندنە بینراوەکانی ئێستا.

سەبارەت بە برگەی (16) تایبەت بە (دراما دۆبلاژکراوەکان لەگەڵ دابونەریتی کوردەواریدا ناگونجێن زیاتر پشێوی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن) ناوەندی ژمێرەیی (3.41)، لادانی پێوانەی (1.14)، گرنگی رێژەیی (68.2)، ئەنجام (بەتەواوی لەگەڵیدام) ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت، زۆربەی زۆری نمونەی توێژینەوەکە بۆچوونیان وایە کەبەڵێ (دراما دۆبلاژکراوەکان لەگەڵ دابونەریتی کوردەواریدا ناگونجێن زیاتر پشێوی کۆمەڵایەتی دروست دەکەن)، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی راگەیاندنە بینراوەکان کێشەی پڕکردنەوەی سپەیس و بۆشاییان هەیە لەکەمی برگە و بەرنامەکانیان هەربۆیە پەنا بۆ درامادۆبلاژکراوەکان دەبەن تاکو ئەو بۆشاییە پڕبکەنەوە بەبێ گوێدانە بەهاکۆمەڵایەتییەکان و دابونەریتی کوردەواری. ئەم برگەیە هاوتایە لەگەڵ برگەی (5و 6 و 14)

برگەی (17) سەبارەت بە (راگەیاندنی بینراوی کوردی لە دەستنیشانکردنی دراماکاندا بەرژەوەندی خۆیان لەبەرچاوەدەگرن نەك کۆمەڵگا)، ناوەندی ژمێرەیی (3.27)، لادانی پێوانەی (1.32)، گرنگی رێژەیی (65.4)، ئەنجام (بەتەواوی لەگەڵیدام)، ئەم ئەنجامانە بە هەمانشێوەی برگەی (11)ن دەرکەوتووە زۆرترینی رێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە (راگەیاندنی بینراوی کوردی لە دەستنیشانکردنی دراماکاندا بەرژەوەندی خۆیان لەبەرچاوەدەگرن نەك کۆمەڵگا) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە هەرێمی کوردستان و لە شاری هەولێر رێژەیەکی زۆر کەناڵ و راگەیاندنی بینراو هەن و بۆ زیاتر دەستکەوتی ماددی خۆیان هەوڵی پەخشکردنی دراما دۆبلاژکراوەکان دەدەن و کەلە کاتی پەخشکردنیان چەندین ریکلامی تێدا بڵاودەکەنەوە کە بەرژەوەندی خۆیانی تێدا بەدی دەکرێت نەك کۆمەڵگا.

سەبارەت بە برگەی (18) دەربارەی (کەناڵە ئاسمانیی و ناوخۆییەکان لە پرۆگرامەکانیاندا رەچاوی رەگەز و تەمەن ناکەن)، ناوەندی ژمێرەیی (2.79)، لادانی پێوانەی (1.26)، گرنگی رێژەیی (55.8)، ئەنجام (بەتەواوی لەگەڵیدام) ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیەنێت، زۆرترینی رێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە(کەناڵە ئاسمانیی و ناوخۆییەکان لە پرۆگرامەکانیاندا رەچاوی رەگەز و تەمەن ناکەن)، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە و هۆکاری سەرەکی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەسانی پرۆفیشناڵ و ئەکادیمی بەرێوەبەری هیچ یەکێك لەو کەناڵانە نین و کەمی پرۆگرامی تایبەتمەند بەو توێژانە.

بۆچوونی نموونەی توێژینەوەکە بەرامبەر بە برگەی (19) سەبارەت بە (کارتۆنی کەناڵە ئاسمانیی و لۆکاڵییە کوردییەکان زیاتر توندوتیژی دروست دەکات تا بینینی رۆڵی زانیاری بەخشین و پەروەردەکردن)، ناوەندی ژمێرەیی (3.47)، لادانی پێوانەی (1.23)، گرنگی رێژەیی (69.4)، ئەنجام (لەگەڵیدام)، دەرکەوتووە زۆرترینی رێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە (کارتۆنی کەناڵە ئاسمانیی و لۆکاڵییە کوردییەکان زیاتر توندوتیژی دروست دەکات تا بینینی رۆڵی زانیاری بەخشین و پەروەردەکردن) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەمترین کارتۆنی بەرهەم هێنی کوردی لە هەرێمی کوردستان و لە شاری هەولێر بەرچاوەدەکەوێت بۆیە پەنادەبرێتە بەر کارتۆنی دۆبلاژکراو.

بەرامبەر برگەی (20) دەربارەی (لاوازی و کەمی بەرنامە کۆمەڵایەتیی بە گشتی و لاوازی ئافرەتان بە تایبەتی هۆکارێك بووە بۆ گەشەسەندنی توندوتیژی و لێکترازانی خێزانی)، ناوەندە ژمێرەیی (2.96)، لادانی پێوانەی (1.17)، گرنگی رێژەیی (59.2)، ئەنجام (لەگەڵیدام) دەرکەوتووە زۆرترینی رێژەی نمونەی توێژینەوەکە لەگەڵ ئەوەدان کە (لاوازی و کەمی بەرنامە کۆمەڵایەتیی بە گشتی و لاوازی ئافرەتان بە تایبەتی هۆکارێك بووە بۆ گەشەسەندنی توندوتیژی و لێکترازانی خێزانی) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کەمترین بەرنامەی کۆمەڵایەتی پەخش و بڵاودەکرێتەوە لەلایەك و نەبوونی ئافرەتی بەتواناو لێهاتوو لەو بوارەدا کە بتوانێت بەرنامەیەکی کۆمەڵایەکی بەهێز بەرێوە ببات.

**ئەنجامی شیکاری گریمانەی توێژینەوەکە**

**یەکەم: پەیوەندییەکی ئاماژەی ئاماری بەهێز لە نێوان راگەیاندنی بینراو و هەڵکشانی توندوتیژی خێزانی لەهەرێمی کوردستاندا هەیە.**

**خشتەی (4) پەیوەندیی و نێوان راگەیاندنی بینراو توندوتیژی خێزانی لەهەرێمی کوردستاندا روون دەکاتەوە**

| کۆڕاوەکان | توندوتیژی خێزانی | | |
|---|---|---|---|
| | پەیوەندی (الارتباط) | ئاستی بەڵگەداری ( الدالة الاحصائية) (P-value) | |
| راگەیاندنی بینراو | 0.615 | 0.000 | 0.05 > |

$H_0$: پەیوەندی ئاماژەیی ئاماری نیە لە نێوان راگەیاندنی بینراو و زیادبوونی توندوتیژی خێزانی لەهەرێمی کوردستاندا

$H_1$ : پەیوەندی ئاماژەیی ئاماری هەیە لە نێوان راگەیاندنی بینراو و زیادبوونی توندوتیژی خێزانی لەهەرێمی کوردستاندا

خشتەی سەرەوە روونی دەکاتەوە پەیوەندی نێوان راگەیاندنی بینراو و زیادبوونی توندوتیژی خێزانیی لەهەرێمی کوردستاندا به بەکارهێنانی سپیرمان (Sperman rank correlation): دەردەکەوێت پەیوەندیەکی ئاماری بەڵگەداری هەیە لە نێوان راگەیاندنی بینراو و زیادبوونی توندوتیژی خێزانیی لەهەرێمی کوردستاندا کە بەهاکەی دەکات (0.615) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە پەیوەندیەکی ئاماری راستەوانەی بەهێزی هەیە لە نێوان (راگەیاندنی بینراو و زیادبوونی توندوتیژی خێزانیی لەهەرێمی کوردستاندا) هەروەها پەیوەندیەکی بەڵگەدارە لەبەر ئەوەی (ئاستی بەڵگەداری -P-value ) بچوکترە لە بەهای (0.05)، کەواتە قبولی گریمانەی ($H_1$) دەکەین و رەفزی گریمانەی ($H_0$) دەکەین

**خشتەی (5) بەهای پەیوەندی گۆڕاوەکان (قيمة معامل الارتباط)**

| ئەنجام پەیوەندی | بەهای پەیوەندی | ئەنجام پەیوەندی | بەهای پەیوەندی |
|---|---|---|---|
| پەیوەندیەکی پێچەوانەی لاوازە | -0.1 بۆ -0.49 | پەیوەندیەکی راستەوانەی لاوازە | 0.1 بۆ 0.49 |
| پەیوەندیەکی پێچەوانەی بەهێزە | -0.5 بۆ -1.0 | پەیوەندیەکی راستەوانەی بەهێزە | 0.5 بۆ 1.0 |

**دووەم: راگەیاندنی بینراو بەشداری راستەوخۆ و کاریگەری نەرێنییان هەیە لەسەر بڵاوکردنەوە و بەرهەمهێنانی توندوتیژی**

**خشتەی (6) راگەیاندنی بینراو بەشداری راستەوخۆ و کاریگەری نەرێنییان هەیە لەسەر بڵاوکردنەوە و بەرهەمهێنانی توندوتیژی لەهەرێمی کوردستاندا روون دەکاتەوە**

| ANOVA Table (F-test) ئاستی بەڵگەداری Sig. (الدلاله) | بەهای تاقیکردنەوەی F قيمة F | معامل التحديد R2 | ئاستی بەڵگەداری (الدلاله) Sig. | تاقیکردنەوەی T (اختبار) T T-test | المعلمات B | نموذج Model |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 0.000 | 254.948 | 0.378 | 0.000 | 15.967 | 0.613 | راگەیاندنی بینراو |

$H_0$ : راگەیاندنی بینراو بەشداری راستەوخۆ و کاریگەری نەرێنییان هەیە لەسەر بڵاوکردنەوە و بەرهەمهێنانی توندوتیژی لەهەرێمی کوردستاندا

$H_1$ : راگەیاندنی بینراو بەشداری راستەوخۆ و کاریگەری ئەرێنییان هەیە لەسەر بڵاوکردنەوە و بەرهەمهێنانی توندوتیژی لەهەرێمی کوردستاندا

خشتەی سەرەوە روونی دەکاتەوە کە راگەیاندنی بینراو بەشداری راستەوخۆ و کاریگەری ئەرێنیان هەیە لەسەر بڵاوکردنەوە و بەرهەمهێنانی توندوتیژی لەهەرێمی کوردستاندا لە رێگەی مۆدێلی (Rank Regression Model) ، بەگوێرەی بەهای تاقیکردنەوەی F (ANOVA Table -F-Test):روونی دەکاتەوە ئەم داتایە گونجاوە بۆ مۆدێلی (Rank Regression Model) چونکە ئاستی بەڵگەداری (Sig.) بچوکترە لە ئاستی بەڵگەداری (مستوى المعنوي) ی (0.05).

بەگوێرەی تاقیکردنەوەی (تاقیکردنەوەی T) بۆ (راگەیاندنی بینراو) دەکاتە (15.967) هەروەها بەهای ئاستی بەڵگەداری (0.000) دەردەکەوێت (راگەیاندنی بینراو) بەشداری راستەوخۆ و کاریگەری ئەرێنیان هەیە لەسەر بڵاوکردنەوە و بەرهەمهێنانی توندوتیژی لەهەرێمی کوردستاندا لەبەر ئەوەی ئاستی بەڵگەداری (Sig.) بچوکترە لە (0.05)، کەواتە قبولی گریمانەی ($H_1$) دەکەین و رەفزی گریمانەی ($H_0$) دەکەین. هەروەها بەگوێرەی بەهای (معامل التحديد-R2 ) کە دەکاتە (0.378) واتە بەرێژەی (37.8%) ئاستی راگەیاندنی بینراو بەشداری راستەوخۆ و کاریگەری ئەرێنیبان هەیە لەسەر بڵاوکردنەوە و بەرهەمهێنانی توندوتیژی لەهەرێمی کوردستاندا ، بەواتایەکی تر (راگەیاندنی بینراو) بە رێژەی (37.8%) کاریگەری هەیە لە (توندوتیژی خێزانی لەهەرێمی کوردستاندا ).

## دەرئەنجامەکان:

1- راگەیاندنی بینراوی کوردی لە ئاست داخوازییەکانی تاکی کورددا نەبووە.
2- راگەیاندنی بینراو کاریگەرییەکی نەرێنی کردۆتە سەر لایەنی دەروونی بینەرەکانی لە شاری هەولێری پایتەختدا
3- راگەیاندنی بینراو زیاتر ئەو بابەت و بەرنامە دۆبلاژکراوانە پەخش و بڵاوکردەوە کە توندوتیژیان تێدایە و بوونەتە هۆرکارێك بۆ لێکترازانی خێزانەکان لە شاری هەولێر.
4- دراما دۆبلاژکراوەکان لەگەڵ دابونەریتی کوردەواریدا ناگونجێن زیاتر پشێوی کۆمەڵایەتییان دروستکردووە لە شاری هەولێردا.
5- راگەیاندنی بینراو تا ئاستێکی دیاریکراو بوونەتە هۆی بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لە شاری هەولێر .
6- راگەیاندنی بینراو لە شاری هەولێر خەمساردبوون لە ئاست کێشە کۆمەڵایەتییەکان بە گشتی و توندوتیژی خێزانی بەتایبەتی و نەبوونەتە هۆکارێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

## راسپاردە و پێشنیار:

**راسپاردە:**

ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لە زانکۆکانی تری کوردستاندا بۆ بەراوردکردنی ئەنجامەکان.

پێویستە ڕاگەیاندنی بینراو زیاتر بایەخ بەو بابەت و پرۆگرامانە بدات، کە دەبنە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی تەوندوتیژیی خێزانی لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و شاری هەولێر بەتایبەتی، بۆ ئەم مەبەستە خولی هۆشیاری و ڕاهێنان بۆ کارمەندانی ناو کەناڵەکان و بەرهەمهێنانی بەرنامەکان بکرێتەوە.

ڕاگەیاندنی بینراو بە بەرپرسیاریەتی زیاتر مامەڵە لەگەڵ پرسی توندوتیژی خێزانیی بکەن و ڕەچاوی بەرژەوەندی تەواوی خێزانەکانی کوردستان بێ جیاوازی بکەن و هاوسەنگی بپارێزن.

ڕاگەیاندن بە گشتی و ڕاگەیاندنی بینراو بە تایبەتی، لە پاڵ دراما بیانییەکان درامای کوردیی ئامادە بکەن و بڵاویان بکەنەوە، کە لەگەڵ دابونەریتی کوردەواریدا دەگونجێن و هۆکارێکن بۆ چارەسەرکردنی و کەمکردنەوە توندوتیژیی خێزانیی.

ڕاگەیاندن بە گشتی و ڕاگەیاندنی بینراو بە تایبەتی، ڕۆڵێکی چالاکتر بگێڕن لە پرۆسەی گەشەپێدانی کولتووری پێکەوەژیانی ئاشتیانە و هزری لێبووردن و یەکترقبووڵ کردن.

**پێشنیاز:**

وەزارەتی ڕۆشنبیری و لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕۆڵیان هەبێت لە بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە ناو کۆمەڵگا.

کومەڵگا هانبدرێت بۆ خۆپارستن لە توندوتیژی خێزانی لە پیناو پاراستنی ئاسایشی خێزان و پاراستنیی لە هەڵوشاندنەوە.

پێویستی بوون و دامەزراندنی سەنتەر و دامەزراوەی تایبەت بە پرسی توندوتیژی خێزانی بە تایبەت لە لایەن زانکۆ و دەزگا ئەکادیمییەکانی هەرێمی کوردستان و ئەنجامدانی کۆنفرانسی ئەکادیمی و زانستیی تایبەت بەو پرسە.

کارکردن بۆ هێنانەکایەی میدیاییەکی تەواو نیشتمانیی دابڕێنراو لە هەموو توندوتیژییەك.

سانسۆرخستنە سەر ئەو کەناڵە بینراوانەی کە توندوتیژی خێزانیی بڵاودەکەنەوە.

## لیستی سەرچاوەکان:


1. ڕەفیق، ئاری (2020): لەسەرهەڵدانی کێشەوە بۆ توندوتیژی، بەرێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان، هەولێر.
2. ئیبراهیم، عەبدولخالق (2014): **میدیای کوردی لەسەردەمی ئاسمانەکراوەکاندا**، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.
3. ابن جنان، عدلات، شارف جميلة (2017) : **العنف الأسري والتوافق النفسي لدى المراهقين** دراسة ميدانية مجلة التنمية البشرية، جامعة وهران. العدد(٧) 1 ص132 – 158.
4. الإسكندراني، أيمن أحمد أنسي (2023): **الفقر والعنف الأسري في المناطق العشوائية**: دراسة ميدانية"، المجلة العلمية بكلية الآداب (51)، جامعة طنطا، كلية الآداب قسم الإعلام، 503-538.
5. الآلوسي، د.سوؤد فؤاد (2012): **العنف و وسائل الاعلام**، دار اسامة للنشر والتوزيع، الاردن، عمان.
6. بركات، د.علي (2010) : **العوامل المجتمعية للعنف المدرسي**: دراسة ميدانية في مدينة دمشق، وزارة الثقافة الهيئة العامة السورية للكتاب، منشورات الهيئة العامة السورية للكتاب، وزارة الثقافة، دمشق.
7. بن عمار، يسمينة، نجيب بخوش (2022): **العنف من وسائل الإعلام إلى مواقع التواصل الاجتماعي**: الفيسبوك كآلية جديدة للعنف الرمزي في البيئة الافتراضية، مجلة دراسات إنسانية واجتماعية، العدد (11) 3 ص 395 -408.
8. جمعة، د.احلام احمد (بدون سنة): **المفهوم الاحصائي و المنهجي لقياس مؤشرات العنف ضد المراة**، كلية الادارة والاقتصاد، جامعة بغداد.
9. چۆلی ئەسعەد (2013): **زمان لە ڕاگەیاندنی بینراو**، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.
10. الحسين، حنان عزيز **(2014)**: **العنف التربوي وانعكاساته على التحصيل الدراسي في المرحلة الابتدائية**، مجلة البحوث التربوية والنفسية، (عدد40)، العراق .
11. داوود، ليلي (2003): **العنف الموجه نحوة المراة**: الاسباب النفسية والاجتماعية، دمشق.
12. دستور العراق، الباب الخامس سلطات الأقاليم، المادة 117، 2005.
13. **دليل الوقائي لحماية الطلبة من العنف و الاساءة**، المملكة الاردنية الهاشمية، وزارة التربية والتعليم، 2006-2007.
14. رضاپور، داریوش (2016): **برسی زمیه‌های اجتماعی مؤثر بر گرایش به خشونت کلامی در بین دانش اموزان دبیس تانی شهر بوشهر**، فصلنامه توسعه اجتماعی (توسعه انسانی سابق)، دوره 11، شماره 2، ص 123 - 148.
15. الرفاعي، د.مجمد خليل (2011): **دور الاعلام في عصر الرقمي في تشكيل قيم الاسرة العربية**، دراسة تحليلية، مجلة جامعة دمشق، مجلد27، العدد الاول والثاني.
16. سليمان، خالد، مجد حماد جهود (2006): **مكافحة العنف ضد المراة في الاردن**، قراءة نقدية، مركز المراة العربية للتدريب والبحوث، دراسة غير منشورة.
17. سەیدگوڵ، عومەر، سامان عومەر، نەوزاد ئەنوەر (2023): **شیکردنەوەی جۆرەکانی واتا لە ڕاگەیاندندا بەپێی دابەشکاریی لیچ**، گۆڤاری توێژەر، بەرگی6، ژمارە2 ل987 - 1034.
18. شفيق، احمد (1998): **قاموس الخدمة الاجتماعية**، ج3، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية.
19. الشهري، علي بن النوح بن عبدالرحمن (2009): **العنف لدي الطلاب المرحلة المتوسطة في ضوء بعض المتغيرات الاجتماعية والنغسية في مدينة الجدة**. رسالة ماجستير، جامعة أم القرى، كلية التربية، السعودية، غير منشورة.
20. صلوي، د.عبد الحافظ عواجي (2012): **نظريات التاثير الإعلامية**، جمع وتنسيق أسامة بن مساعد المحيا.
21. عباس، منال محمد (2011): **العنف الاسري رؤية سوسيولوجية**، دار المعرفة الجامعية، الإسكندرية.
22. عبد ربه، هيثم محمد محمد (2020): **تناول المواقع الإلكترونية للصحف المصرية لقضايا العنف الأسري دراسة تحليلية وميدانية"**، رسالة دكتوراه، جامعة سوهاج، كلية الإعلام قسم الإعلام. غير منشورة.
23. عمر، صابر، تە لار صباح، شادان شكر (٢٠١٧): **رۆڵ و کاریگەری ڕاگەیاندن لە سەر فەرهەنگی زمان**، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە (٤٤) ل256 – 283.
24. عەبدوڕەحمان، عەبدوڵڵا (2013): **توندوتیژی خێزانی تێروانین و چارەسەر**، چاپی دووەم، چاپخانەی ماردین- هەولێر .
25. قەرەداخی، بەهات حەسیب (2023): **کاریگەری توندوتیژیی میدیایی لەسەر دەروونی خوێندکارانی زانکۆ لە هەرێمی کوردستاندا**: توێژینەوەیەکی مەیدانییە. مجلة بوليتنيك للعلوم الإنسانية والاجتماعية, المجلد 4 ، العدد 2، ص837 -855.
26. کرمانی، دی و س یداباد، جواد حاتمی (2019): **مواجهه با خشونت در محیط خانه و عملکرد تحصیلی دانش أ موزان** - مطالعه موردی: دانش أ موزان متوسطه دوره اول شهرس تان چناران، مجله علوم اجتماعی دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه فردوسی مشهد، دوره 16، شماره 1، شماره پیاپی 33، ص 57 - 87.

27. ليلى، نجم ثجيل (2016): **التوافق النفسي الاجتماعي وعلاقته بظاهرة العنف لدى الأطفال مرحلة ما قبل المدرسة،** مركز البحوث التربوية والنفسية، (عدد 49) جامعة بغداد.
28. محمد، د.محمود بن عطا (2005): **دور التربية الاسلامية في مواجهة تحديات العنف الاسري،** السعودية، جامعة ام اقري.
29. منظمة الصحة العالمية، المجلس الوطني لشؤن الاسرة، الصحة والعنف، الاردن، 2005.
30. الموسوي، موسي، الساموك، د.موسي جواد، د.كاظم عمران، د.صفد حسام (2012): **الاعلام و التسويق الاجتماعي،** سلسلة مكتبة الاعلام و المجتمع، الكتاب الثاني، جامعة بغداد.
31. موسى، إستبرق قمر (2023): **دور الإعلام في مناهضة العنف ضد المرأة دراسة ميدانية** "مساهمات منظمة الهلال الأحمر إنموذجاً " مجلة بلاد الرافدين للعلوم الانسانية والاجتماعية / عدد خاص بالمؤتمر العلمي الدولي الرابع.
32. نەسرەددین، کمال فاروق (2020): **هاندانی توندوتیژی میدیایی و کاریگەری لەسەر هەڵکشانی ناکۆکی،** چاپخانەی ماد، تاران.
33. هاملتون، جون ماكسويل، جورج. ا.كريمسكي (2003): **صناعة الخبر في كواليس الصحف الامريكية،** ترجمة: احمد محمود، طبعة الثانية، دار الشروق، القاهرة.
34. يوسف، محمد حسين (2016): **دور برامج التلفزيون في نشر ثقافة العنف،** دراسة ميدانية لدى الأطفال لتعرض الأطفال للقنوات التليفزيونية المتخصصة بالطفل مجلة الأكاديمي، كلية الفنون الجميلة جامعة بغداد، (عدد 79) ص 185 – 206.

## پاشکۆی فۆرمی ڕاپرسی

پێوەری ڕاستی فۆڕمی ڕاپرسی توێژینەوە، ئەم خشتەیەی خوارەوە ڕای شارەزا و پسپۆرانە سەبارەت بە بڕگەکانی فۆڕمی ڕاپرسی ئەم توێژینەوەیە.

**پێوەری ڕاستی ڕواڵەتی**

| | ناوی پسپۆڕان | پسپۆڕی | ژمارەی بڕگە دروستەکان | ژمارەی بڕگە نادروستەکان | ڕێژەی سەدی ڕاستێتی |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | پ. د. سامان جەلال مەولود | ڕاگەیاندن | 19 | 1 | %95 |
| 2 | پ. د. محەمەد حسێن | کۆمەڵناسی | 18 | 2 | %90 |
| 3 | پ. ی.د. رضوان خضر | ڕاگەیاندن | 19 | 1 | %95 |
| | کۆی گشتی | | 56 | 4 | % 93.3 |

ژمارەی تەواوی بڕگەکانی پێوەر= **20** ژمارەی پسپۆڕان= **3**

کۆی گشتی بڕگەکان= ژمارەی بڕگەکانی پێوەر **x** ژمارەی پسپۆڕان **3 x 20** = 60

بڕگە دروستەکان= **56** بڕگە نادروستەکان= **4**

ڕاستێتی گشتی پێوەر= کۆی گشتی بڕگە دروستەکان/ کۆی گشتی بڕگەکانی پێوەر **x 100**

56 × 60 /100 = % 93.3

لێرەوە دەردەکەوێت تێکڕای گشتی پەسندکردنی بڕگەکان لەلایەن پسپۆڕانەوە دەکاتە **(93.3 %).** کەواتە بڕگەکان لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکە دەگونجێت.

OPEN ACCESS Aran Journal (Volume-2, issue-1), 2026 Member of Crossref

Available online at http://aran.garmian.edu.krd ARAN JOURNAL For Languages and Humanities

Aran Journal for Language and Humanities

https://doi.org/10.24271/ARN.2026.02-01-11

# The Impact of Visual Media on the Spread of Domestic Violence in the Kurdistan Region

**Sadiq Hamaghareeb Hamasalh, Akram Faraedon Hamaamen**

Department of Media, College of Arts , Salahaddin University-Erbil, Kurdistan Region – Iraq

**Article Info**

| Received | **2025-12-08** |
|---|---|
| Accepted | **2026-01-14** |
| Published: | **2026-01-17** |

**Keywords**

**Impact, Visual Media , Domestic Violence, Kurdistan Region**

**Corresponding Author**

sadiq.hamahsalh@su.edu.krd
akram.hamaamen@su.edu.krd

## Abstract:

The main objective of this study is to identify the impact of visual media on the spread of domestic violence in the Kurdistan Region. This research is a field study conducted on a sample of fourth-year students from the Departments of Media and Sociology at Salahaddin University. The study is descriptive in nature and adopts the survey method, using a data collection tool (a questionnaire) to determine the impact of visual media on the spread of domestic violence in the Kurdistan Region.

The population of the study consists of all students of Salahaddin University – College of Arts, while the study sample includes fourth-year students from the Departments of Media and Sociology at Salahaddin University, selected through simple random sampling, with a total of (70) students.

The study is composed of three sections. The first section is the methodology of the study, which includes the methodological procedures, previous studies, and the definition of key terms related to the research. The second section is the theoretical framework of the study, consisting of two main parts: the first part focuses on visual media, while the second part addresses domestic violence. The third section of the study is the practical framework, in which the responses of the study sample to the questionnaire items are presented, in addition to testing the research hypotheses, which consist of two hypotheses.

In the conclusion of the study, the most important findings, recommendations, and proposals related to the responses of the study sample are presented. This is followed by the list of references, appendices, and an abstract of the study in English.

Among the most significant findings reached by this study are that some programs and content within visual media in the Kurdistan Region constitute a factor contributing to the spread of domestic violence, which is inconsistent with the nature of family life. Visual media has contributed more to family disintegration than to family cohesion.